Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10305

# کۆنگرەی پاریس (مجلس روژ هلاتی نزیك)1922 لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن

**همزه عثمان حويز، هيوا حميد شريف**

بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان عێراق

**پوختە:**

ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) کە لە نێوان ساڵانی(1920-1922) وەکو ڕۆژنامەیەکی هەفتانە و بە زمانی کوردی لە شاری سلێمانی لەلایەن بەریتانیەکانەوە دەرچووە و خاوەندارێتی کراوە، بایەخی زۆری بە ڕووداوە سیاسی و هەوڵە دیبلۆماسی و پەیوەندییەکانی ئەو قۆناغەی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان داوە. لەم سۆنگەیەوە، یەکێك لەو ڕووداوە سیاسیانەی کە پەیوەندیی بە دەوڵەتی عوسمانییەوە هەبووە و باسی کردووە، کۆنگرەی پاریس (مجلس روژ هلاتی نزیك) بووە. هەڵبەتە ئەم کۆنگرەیە دوای ئەوە هاتووە، کاتێك کە لەسەرەتای ساڵی 1922 قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتانی هاوپەیمان هاتۆتە کایەوە، بەمەش وڵاتانی هاوپەیمان بە ئامانجی هەموارکردنەوەی برگە و ماددەکانی پەیماننامەی (سیڤەر) و تاوتوێکردنی پرس و کێشەکانی نێوان (تورکیاو یۆنان) بەگشتی و کێشەی سەر ناوچەکانی (تراکیا، ئەزمیر و ئەدرنە) بەتایبەتی، بڕیاری بەستنی کۆنگرەیەکی لەم شێوەیەیان داوە و لەنێوان ڕۆژانی 22-26ئاداری1922لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا کۆنگرەکە درێژەی بە کارو کۆبوونەوەکانی خۆیداوەو تێیدا پێشنیاری ئاگربەست و ئاشتیی خستۆتە بەردەم هەریەك لە حکومەتەکانی (ئیستانبۆڵ، ئەنقەرە و ئەسینا). بەمەش سەرباری ڕازی بوونی حکومەتی ئیستانبۆڵ بە پێشنیاری ئاشتی و ئاگربەست، بەڵام حکومەتی ئەنقەرە هەردوو پێشنیارەکەی ڕەتکردۆتەوە و حکومەتی(ئەسینا)ش ئەگەرچی پێشنیاری ئاگربەستی پەسند کردووە، بەڵام پێشنیاری ئاشتیی ڕەتکردۆتەوە و سەرئەنجام دوای ئاڵوگۆڕکردنی چەندین یاداشتنامە لە نێوان هێزە ناکۆکەکان و وڵاتانی هاوپەیمان ئەم دەستپێشخەرییەی وڵاتانی هاوپەیمان بۆ ئاشتی شکستی هێناوە. ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی خستنە ڕووی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان دەیەوێت چۆنیەتی مامەڵەکردنی دەوڵەتانی بەشداربوو لە کۆنگرەکە و هۆکارە سەرەکییەکانی بەرقەرار بوونی ئاشتی لە نێوان وڵاتە ناکۆکەکان بخاتەڕوو، وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: بۆچی هێزە ناکۆکەکانی بەشداربووی کۆنگرە هەڵوێستی جیاوایان بەرامبەر بە پێشنیارەکانی کۆنگرە هەبووە. ئایا بۆ کۆنگرەکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی سەرکەوتوونەبووە و شکستی هێناوە.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، مجلس روژ هلاتی نزیك، ئاگربەست، ئاشتی.

***Corresponding Author***

hamza.othman@koyauniversity.org

hewa.hameed@koyauniversity.org

## پێشەکی

کۆنگرەی پاریس (مجلس روژ هلاتی نزیك) بە یەکێك لە گرنگترین ڕووداوە سیاسییەکان و چوارەمین دەستپێشخەری ئاشتی وڵاتانی هاوپەیمان دادەندرێت لە دوای ساڵی 1920هوە، کە یەکەمیان پەیماننامەی (سیڤەر) بوو، دووەمیان کۆنگرەی (لەندەن) و سێیەمیشیان ئەو پێشنیارە نێوەندگیرییە بووە کە لە حوزەیرانی 1921 خراوەتە بەردەم هەریەك لە یۆنان و حکومەتی ئەنقەرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو هەوڵانە بێ ئەنجام و سەرنەکەوتووبووەو تورك و یۆنانیەکان لەشەڕو ململانێکانی نێوانیان بەردەوام بوونە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە،** دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم بابەتە کاری لەسەر نەکراوە و ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، کە هاوچەرخی ئەم ڕووداوە بووە و بە شێوەیەکی بەرفراوان لەسەر لاپەڕەی ژمارەکانی خستۆتیەڕوو، بۆیە بەپشت بەستن بە زانیارەکانی ناو ئەم ڕۆژنامەیە، ئەم بابەتە شایەنی هەڵوەستە لەسەر کردنەو بە پێویست زانراوە توێژینەوەیەکی لەم شێوەیەی لەسەر بکرێت.

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە،** هەوڵدانە بۆ تیشك خستنە سەر هەڵوێستی وڵاتانی هاوپەیمان لە سەرەتای ساڵی 1922 بەرامبەر بە کێشەی تورك و یۆنانیەکان و زانینی هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر بە مەرج و پێشنیارەکانی وڵاتانی هاوپەیمان.

هەروەها خستنەڕووی فاکتەری سەرەکی بەرقەرار نەبوونی ئاشتی لە نێوان تورك و یۆنانیەکان لەم کۆنگرەیە.

**میتـــــۆدی توێژینــــــەوە،** میتـــــۆدی زانســــــتی خستنەڕووی زانیارییەکانی ناو ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) و شیکردنەوەیانە، بە پاڵپشتی و بەکارهێنانی ژمارەیەك سەرچاوەی مێژوویی دیکە لەزمانە جیاوازەکان کە لەشوێنی پێویست و مەبەست بەکارهێنراون.

**پێکهاتەی توێژینەوە،** لەژێر ناونیشانی کۆنگرەی پاریس (مجلس روژ هلاتي نزيك)1922 لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن، دەروازە و دوو تەوەرەی سەرەکی لە خۆدەگرێت، کە لە دەروازەدا بە کورتی تیشك خراوەتە سەر ناساندنی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) 1920-1922. تەوەرەی یەکەم بەشداری هێزە ناکۆکەکانی کۆنگرەی پاریس (مجلس روژ هلاتي نزيك) و خستنەڕووی پێشنیارەکانی (ئاگربەست و ئاشتی) لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن ئاماژەی بۆکراوە. تەوەرەی دووەم هەڵوێستی حکومەتەکانی (ئەنقەرە، ئیستانبۆڵ و ئەسینا) بەرامبەر بە پێشنیارەکانی ئاگربەست و ئاشتی کۆنگرەی پاریس (مجلس روژهلاتي نزيك) لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن، خراوەتە بەرباس و توێژینەوەی لەبارەوە کراوە.

لەم توێژینەوەیەدا ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) سەرچاوەی سەرەکی توێژینەوەکەیەو هەوڵدراوە بە پلەی یەکەم پشت بە زانیارییەکانی ناو ڕۆژنامەکە ببەسترێت، لەگەڵ ئەوەشداو لە شوێنی پێویستدا پشت بە چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی لە زمانە جیاوازەکان و بەتایبەت زمانی تورکی نوێ بەستراوە لەوانە: (ئومیت هالووك بایئولکێن: سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە پەنجا ساڵە شەڕی سەربەخۆییماندا 1919-1922دا). (یاسەمین چەلیك: حکومەتەکانی ئیستانبۆڵ بە پێی ڕۆژنامەی حاکمیەتی میللیە(HAKİMİYET-İ MİLLİYE) لە 1920-1922 دا (نامەی ماستەرە لە زانکۆی ئێرجیش). سەرباری ئەمانە و چەند سەرچاوەیەکی دیکە کە لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆکراوە.

Ümit Halûk Bayülken: TÜRKİYE DIŞ ( POLİTİKASINDA 50 YILK U R T U L U Ş S A V A Ş Yasemin ÇELİK: HAKİMİYET-İ ( ؛IMI Z(1919-1922) MİLLİYE GAZETESİNE GÖRE İSTAN BUL HÜKÜMETLERİ(1920-1922), Yüksek Lisans Tezi, . )ERCİYES ÜNİVERSİTESİ

**دەروازە: ناساندنی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) 1920-1922.**

دوای دوورخستنەوە و دادگایکردنی شێخ محمودی حەفید لە بەغداوە بۆ هیندستان[1](1919-1922)، وەك دەبینرێت (مەیجەر سۆن[2])ی حاکمی سلێمانی هەمووکارو و بارێکی ئەوێ کەوتۆتە دەست(تەقی، 1970: 31-33؛ بیل، 1971: 199-203)، ئەویش یەکێك لە کارەکانی گرنگی دان بووە بە بواری ڕۆشنبیری و هێنانی چاپخانە و دەرچوون و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە(مظهر، 1979: 31-32)، لەبەرئەوەی بەریتانیەکان هەمیشە هەوڵیان داوە لەڕێگەی ڕۆژنامە و بەیاننامەو بڵاوکراوەکانیانەوە خەڵك بە ڕزگارکەر و ئازادی بەخش لێیان بڕوانێت(هاوار، 1990: 1/2، 390)، ئامانج لە دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە، بەشێکی پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیاوە هەبووە، بەتایبەت دوای نەمانی دەسەڵاتی شێخ محمودی حەفید، بەهەر نرخێك بێت هەوڵیان داوە بارودۆخی شارەکە ئارام بکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەو هەندێك هەنگاوی پێویستیان ناوە و لە ڕووی چاکسازییەوە بایەخی زیاتریان بە شاری سلێمانی و ناوچەکە داوە و تەنانەت بایەخیان، بەزمانی کوردی و خوێندن داوە(ناسر، 2013: 157-158)، هەربۆیە دەرکردنی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، وەك یەکەم ڕۆژنامە بەزمانی کوردی لە کوردستانی باشور و لەشاری سلێمانی لە گرنگترین کارەکانی ناوبراو بووە(مظهر، 1979: 31-32)، وەك دەردەکەوێت ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیی بووە و هەموو پێنج شەمەیەك بە شێوەیەکی ڕێکخراو بێ دابڕان لە کاتی خۆیدا دەرچووە(ساڵح، 2012: )، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەمە، 29ی نیسانی 1920دەرچووە و بۆ ماوەی دووساڵ و دوومانگ و بیست و هەشت ڕۆژ درێژەی داوە بە دەرچوون و لەو ماوەیەشدا(118) ژمارەی لێ دەرچووە و دوا ژمارەشی لە ڕۆژی پێنج شەم، 27تەموزی1922بڵاوبۆتەوە(پێشکەوتن، ژ1، 29نیسانی1920: 1؛ پێشکەوتن، ژ118، 27تەموزی1922: 1).

شایەنی ئاماژە بۆکردنە، (مەیجەرسۆن) خۆی سەرپەرشتیار و سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بووە(مظهر، 1979: 32؛ عومەر، 2001: 83)، ناوبراو تاوەکو ژمارە چل و شەش لە سەرپەرشتی کردنی بەردەوام بووە و ساڵی 1921 دوای گەڕانەوەی بۆ لەندەن کەسێکی دیکە بەناوی (مەیجەر کولدسمیث) کە پێشتر حاکمی حیلەو خانەقین و چەند جێگەیەکی دیکە بوو، بووە بە حاکمی سیاسی سلێمانی و سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەکەی لە ئەستۆگرتووە(پێشکەوتن، ژ46، 10ئاداری 1921: 3؛ ئەمین، 2002: 2/2، 53).

شایەنی باسە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) هەر ژمارەیەکی بەپێوانە یاخود قەبارەی(درێژی × پانی)،(34 × 21سم) چاپکراوە(ساڵح، 2012: 547)، وەك دیارە لەبەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی هەموو ژمارەکانیداو لە ناوەڕاستی لاپەڕەکە بە قەبارەیەکی گەورە نووسراوە **پێشکەوتن**، بەمەش لەبەشی سەرەوەی ناوی پێشکەوتن بە باگگراوەندێکی ڕەش نووسراوە **سلێمانی**، لە بەشی خوارەوەی نوسراوە **هەفتەی جارێك دەردەچێت**، لە لای ڕاستی نوسراوە **هەموو شتێك بۆ پێشکەوتن دەنووسرێ**، کە ئەمەش ئامانج و دروشمی ڕۆژنامەکە بووە(پێشکەوتن، ژ1، 29نیسانی1920: 1).

لە بارەی ژمارەی لاپەڕەکانی ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆ وێنە لە ژمارە(1-82)، بە چوار لاپەڕە دەرچووە، تەنیا ژمارە(83)، بە پێنج لاپەڕە دەرچووە، دواترلە ژمارە(84-93)، بۆتەوە بە چوار لاپەڕە، لە دوای ئەمە هەریەك لە ژمارەکانی(94-95)،(97-109)، لەگەڵ هەریەك لە ژمارەکانی(111-112)، بە شەش لاپەڕە دەرچووە، ئەگەرنا سەرجەم ژمارەکانی دیکە تاوەکو کۆتایی بە چوار لاپەڕە دەرچووە، بەمەش تەنیا لە ژمارە(115)، هەڵەیەك بەدی دەکرێت، ئەویش بریتیە لە نەبوونی لاپەڕە(2)، کە لە جێگەی

ئەودا لاپەڕە(3)، دووجار دووبارە بۆتەوە(پێشکەوتن، ژ115، 6تەموزی1922: 3-3).

ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕووی شێوە و دەرهێنانی هونەری هەروەکو ڕۆژنامەگەری سەردەمی عوسمانی بووە، لە هەمانکاتیشدا زیاتر لە ڕووی پروپاگەندەی سیاسی و سیاسەتی وڵاتانی هاوپەیمان و سەرکەوتووانی جەنگی یەکەمی جیهانی دەخولێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لای لە بەشێکی لایەن و زمان، ئەدەب و کولتوور و ڕووداوە ناوخۆییەکانی ئەوکاتی کوردستان و بەتایبەتی لیوای سلێمانی کردۆتەوە.

سەبارەت بە لایەنی دارایی ڕۆژنامەکە، بەشێکی پەیوەست بووە بەو داهاتەی کە لە ڕێگەی فرۆشتنی ژمارەکانی و ڕێکلام کردنەوە دەستی کەوتووە(پێشکەوتن، ژ1، 29نیسانی1920: 1، 4). بەشەکەی دیکەی پەیوەست بووە بەوەی کە زمانحاڵی بەریتانیەکان بووە و هەر ئەمەش وایکردووە کە لە لایەن ئەوانەوە پاڵپشتی دارایی بکرێت، تەنانەت پێدەچێت لە لایەن کەسانی دەست ڕۆیشتوو و دەوڵەمەندیشەوە هاوکاری کرابێت، هەربۆیە لە ڕووی داراییەوە تووشی کێشەو گرفتێکی ئەوتۆنەبووە.

لە بارەی چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوەی، ئەوەی دەبینرێت ئەوەیە کە لەبەشی خوارەوەی کۆتا لاپەڕەی هەموو ژمارەیەکدا نووسراوە: (**لە چاپخانەی حکومەت لە سلێمانی چاپ کراوە**[3])(سالح، 2012: ). هاوکات لە بارەی بازنەی بڵاوبوونەوەیی وگەیشتنی بەدەستی خوێنەر، ئەوەی دیارە ئەوەیە کە سەنتەری شاری سلێمانی تێپەڕاندووە، ئەوەش بە بەڵگەی ئەوەی کە لە ژمارە(11)یدا نووسیویەتی: ((**ئەوانەی کە هیشتا پارەی کڕینی (پێشکەوتن)، یان نەداوە ئەگەرپارە نەنێرن لەمەودوا بۆیان ناچێت. کڕیارەکانی ناوشار پارە بنێرنە لای بندە [مستەفا[4]]هینەکانی دەرەوە بە پۆستەدا بینێرن بۆ پێشکەوتن**))(پێشکەوتن، ژ11، 8 تەموزی1920: 4).

سەبارەت بە نووسەرانی ڕۆژنامەکە وەك دەبینرێت ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرو نووسەر بابەت و نووسین یان تێدا بڵاو کردۆتەوە، لە نموونەی ئەو نووسەر و شاعیرانە کە بۆ ڕۆژنامەکەیان نووسیووە وەك: (شێخ نوری شێخ صاڵح، جەمال عیرفان، ڕەفیق حیلمی، زەکی صائیب، زێوەر، تۆفیق وەهبی، ئەحمەد حەمدی، ڕەسوڵ ناجی، تۆفیق فائیق، حەمدی، ڕەشید زەکی، سەعید صدقی، عەلی کەمال باپیر، سەعید فەوزی، عەونی، عەزەت، مصطەفا قەرەداغی، بێخود).هەموو ئەوانەو زۆری دیکەش(ساڵح، 2012: 7-34).

ڕۆژنامەکە بە زمانی کوردی، دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی- سلێمانی)، بە ڕێنووسی ئارامی یاخود پیتی عەرەبی نووسراوە و هانی ڕۆشنبیرو شاعیرو نووسەرانی کوردی داوە، تاوەکو بە زمانی کوردی بابەت لە ڕۆژنامەکەدا بنووسن و بڵاوی بکەنەوە، لەم سۆنگەیەوە نووسیویەتی: ((**پێشکەوتن خۆی وکۆمەڵی لەوساوە کە حەز بە سەرکەوتن و پێشکەوتنی زمانی کوردی خۆمان دەکات. دەیەوێت کە نوسینی کوردی بکرێت و بانگی ئەوانە دەکات کە حەز لە نوسین دەکەن...**))(پێشکەوتن، ژ27، 28تشرینی یەکەمی1920: 4). لەگەڵ ئەوەشدا چەندین نووسین و بابەتی جیاواز بۆ پیا هەڵدان بەشان و باهۆی بەریتانیەکان تەرخانکراوە، بۆیە دەکرێت بووترێت ئامانج لە دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە بەشێکی پەیوەندی بە پارێزگاریکردن و پروپاگەندەکردن بۆ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا هەبووە، لەم بارەیەوە ئەحمەد تەقی نووسیویەتی: ((ئەگەرچی مەیجەر سۆن یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە سلێمانی بە ناوی پێشکەوتنەوە دەرکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە هەمووی تەنیا بۆ بەرژەوەندی بەریتانیەکان بوو هیچی تر))(1970: 34).

بەهەرحاڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) کەچی بۆ مەبەستی پروپاگەندەی سیاسی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بوو، بەڵام بۆ سەردەم وکاتی خۆی گرنگ بووە، لەو بارەیەوە نەوشیروان مستەفا ئەمین نوسیویەتی: ((پێشکەوتن سەرەڕای ئەوەی تۆمارێکی گرنگی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و عێراقە، ئەتوانین بڵێین ئەو ڕۆژنامەیە بوو کە بەردی بناغەی قوتابخانەی سلێمانی لە ڕۆژنامەوانی کوردی دانا))(2002: 2/2، 129). کەمال مەزهەر نووسیویەتی: ((پێشکەوتن بۆکات و شوێنی خۆی ڕۆژنامەیەکی دەوڵەمەند و پێشکەوتوو بووە))(1985: 155). سەرئەنجام بە دروست بوونی ئاڵۆزی لە ناوچە کوردییەکان و مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان، بەریتانیەکان بڕیاریان داوە لە سلێمانی بکشێنەوە، بەمەش ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) دوای دەرچوونی (118) ژمارەی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك، هەروەکو لە دوا ژمارەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە: ((**ڕۆژنامەی پێشکەوتن کە هەتا ئێستا لە سلێمانی چاپ و بڵاودەکرایەوە ئەمە کۆتا ژمارەیەتی ئیترلە مەودوا دەرناچێت...**))(پێشکەوتن، ژ118، 27تەموزی1922: 2).

## تەوەرەی یەکەم: بەشداری هێزە ناکۆکەکانی کۆنگرەی پاریس (مجلس روژ هلاتی نزیك) و خستنەڕووی پێشنیارەکانی (ئاگربەست و ئاشتی) لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن.

کۆنگرەی پاریس (مجلس روژ هلاتی نزیك) بە یەکێك لە گرنگترین ڕووداوە سیاسییەکان و دەستپێشخەرییەکانی وڵاتانی هاوپەیمان بۆ ئاشتی دادەندرێت کە لەساڵی 1922 خستۆتیانە بەردەم هەریەك لە یۆنان و حکومەتی ئەنقەرە، بەمەش ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) کە هاوچەرخی ئەم ڕووداوە بووە و بە شێوەیەکی بەرفراوان لەسەر لاپەڕەی بەشێك لە ژمارەکانی ئاماژەی بۆ کردووە، وەك دەردەکەوێت سیاسەتی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لەم قۆناغەدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بێلایەنانە هەواڵ و زانیارییەکانی خستۆتەڕوو، ئەمەش هاوئاراستە دەبینرێت لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی بەریتانی لەم ماوەیەدا.

دوای دانووستانی دوورو درێژی نێوان وڵاتانی هاوپەیمان و هەوڵە دیبلۆماسییەکانیان، دواجار بڕیاری بەستنی ئەم کۆنگرەیەیان داوە بە مەبەستی پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوە بە بڕگە و ماددەکانی پەیماننامەی (سیڤەر) کە لە 10 ئابی1920 بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا سەپاند بوویان(سعید، 1922: 33، 49) هاوکات لەگەڵ تاوتوێکردنی پرس وکێشەکانی تایبەت

بە تورکیا و یۆنان(EDİZ,2011:290؛ YAVUZ,2009:117) بەمەش کۆنگرە ڕۆژی 22 ئاداری1922 لە پاریس( BAYIN 2005:98,) کاتژمێر1:30 خولەکی دوای نیوەڕۆ دەستی بە کارەکانی خۆی کردووە (ÇELİK,2015:107)، بە سەرۆکایەتی(مسیوپونکارا)ی سەرۆك وەزیرانی فەرەنساو بە ئامادەبوونی هەریەك لە: (لۆرد کرزن) ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیاو (سنیور شانزر)ی وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیاو (عزەت پاشا)ی سەرۆکی شاندی حکومەتی ئیستانبۆڵ و (یوسف کەمال بەگ)ی سەرۆکی شاندی حکومەتی ئەنقەرە و چەندین بەرپرسی دیکەی وڵاتانی هاوپەیمان، بەڵام بەبێ ئامادەبوونی شاندی حکومەتی ئەسینا(سعید، 1922: 49)، کە پێدەچێت ئامادە نەبوونی شاندی حکومەتی ناوبراو لەم کۆنگرەیەدا بەهۆی بارودۆخی ناوخۆ و دەست لە کار کێشانەوەی (گۆناریس) ی سەرۆك وەزیران بووبێت لە سەرەتای مانگی ئاداری 1922 و دووبارە پێکهێنانەوەی حکومت هەر لە هەمان مانگ لەلایەن ناوبراوەوە(ERDEM,2009:440).

جێگەی باسە لە یەکەم ڕۆژی کۆنگرە، وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی هاوپەیمان بەتایبەت (بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا) بە مەبەستی دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕو پێکدادانەکانی نێوان یۆنان و حکومەتی ئەنقەرە و چۆڵکردنی ئەنادۆڵ بە بێ زیانی گیانی و ماددی و هێنانەکایەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ڕێگەی تەلەگرافێکەوە پێشنیاری ئاگربەستیان ئاراستەی هەریەك لە حکومەتەکانی (ئیستانبۆڵ، ئەنقەرە و ئەسینا) کردووە(Bayülken,1981: 176)، لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بەم هەواڵە دەستی پێکردووە و لەبابەتێکدا بەناونیشانی **(ئاگربەستی نێوان تورك و یۆنان)** بەم جۆرە ئاماژەی بۆکردووە: ((**پاریس 22 ئادار بە بۆچوونی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی هاوپەیمان بڕیار درا بە نووسینی تەلەگرافێك بۆ ئەسینا، ئیستانبۆڵ، ئەنقەرە کە پێشنیاری ئاگربەست بۆ ماوەی 3 مانگ لە ئەنادۆڵ بکرێت دەست نیشانکردنی سنوریش کە 10 کیلۆمەتر پانی بێت لە ژێر چاودێری و فەرمانی وڵاتانی هاوپەیمان دابێت**))(پێشکەوتن، ژ102، 6نیسانی1922: 4).

ئەوەی جێگەی تێبینی و هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەوەیە کە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، ئەگەرچی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ئاگر بەستەکە بۆ ماوەی سێ مانگ دەبێت، بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە ئەم ئاگربەستە دوای کۆتایی هاتنی سێ مانگەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سێ مانگی دیکە درێژ دەکرێتەوە، تاوەکو ئەوکاتەی دانوستان و ڕێککەوتن لە نێوان هەردوولایەندا دەکرێت، ئەگەر هەرلایەنێك نەیویست درێژە بە ڕێککەوتنەکە بدات لایەنی کەم پانزە ڕۆژ بەر لە وادەی کۆتایی هاتنی ڕێککەوتنەکە هەریەك لە نوێنەرانی بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا و لایەنی بەرامبەر ئاگادار بکاتەوە(YILMAZ,2016:264؛ Acaroğlu,2015:488).

ئەمە بێجگە لەم دوو خاڵەی کە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) ئاماژەی بۆ کردبوو، پێشنیاری ئاگربەستەکە چەند خاڵێکی دیکەی لەخۆگرتووە، بە شێوەیەکی کورت بریتی بوونە لەوەی: دەبێت فەرماندە سەربازییەکان و سوپای تورك و یۆنانییەکان، ناوبژیوانی و چاودێری هاوپەیمانان پەسند بکەن و بڕیارەکانیان جێ بەجێ بکەن و پابەند بن پێیەوە (ÇELİK,2015:107)، نابێت لە ماوەی ئاگربەستەکەدا تورك و یۆنانیەکان ژمارەی سەربازەکانیان زیاد بکەن و سوپاکانیان پڕچەك بکەن(بهنان، 1989: 107- 108)، دەبێت کۆمسیۆنێکی سەربازی لە نوێنەرانی وڵاتانی هاوپەیمان بۆ چاودێریکردن و جێبەجێ کردنی مەرجەکانی ئاگربەست پێکبهێنرێت(Bayülken,1981:177).

ئەگەرچی وڵاتانی هاوپەیمان تاوەکو ئەوکاتە مەرجەکانی (ئاشتی) یان دیاری نەکردبوو بۆ چۆڵکردنی ئەنادۆڵ لەلایەن یۆنانیەکانەوە، بەڵام هەوڵیان داوە دوای پێشنیارەکانی ئاگربەست و هاتنە کایەی کارێکی لەم جۆرە بکەن (ÇELİK,2015:107)، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) نووسیویەتی: ((**ئەگەر تورك و یۆنان ئەم پێشنیارەیان پەسند کرد ئەنجومەنێك پێکبهێنرێت لە فەرماندەی سەربازی تورك و یۆنان و ئەفسەری هاوپەیمانانیان لەگەڵ دابێت کۆبوونەوەش لە ئیستانبۆڵ بکەن بۆ دانانی مەرج کە بەو پێیە یۆنان ئەنادۆڵ چۆڵبکات لە ماوەی سێ مانگدا...**))(پێشکەوتن، ژ102، 6نیسانی1922: 4-5).

بەمەش وڵاتانی هاوپەیمان لەڕێگەی باڵیۆز و نوێنەرەکانیان لە (ئیستانبۆڵ و ئەسینا) بۆ جارێکی دیکە پێشنیارەکانی ئاگربەستیان داوە بە هەریەك لە حکومەتەکانی (ئیستانبۆڵ ، ئەنقەرە و ئەسینا)، داوایان لێکردوون کە بەخێرایی وەڵامی پێشنیارەکانی ئاگربەستەکە بدەنەوە(پێشکەوتن، ژ102، 6نیسانی1922: 5). کە لە تەوەرەی داهاتوو ئاماژە دەکەین بۆ هەڵوێستی حکومەتەکانی ناوبراوان لەم بارەیەوە.

شایەنی باسە دوای ئەمەو لە وەقائیعی کۆنگرەکەدا گفتوگۆیەکی زۆر دەربارەی تورکیا و یۆنان کراوە. بەتایبەتی مەرج و پێشنیاری جیاوازی لایەنەکانی کۆنگرەکە هەبووە بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی نێوان حکومەتەکانی (ئەنقەرە و ئەسینا)، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێك بەیاننامە لەلایەن بەشداربووانی کۆنگرەکە بڵاوکراونەتەوە. لێرەدا سەرباری ئەم بەیاننامانە، ئاماژەی بۆ دەکەین وڵاتانی هاوپەیمان ژمارەیەك پێشنیاریان خستبووە بەردەم هەریەك لە حکومەتەکانی (ئیستانبۆڵ، ئەنقەرە و ئەسینا)، بەئامانجی هێنانەکایەی ئاشتی نێوانیان، کە ئەم پێشنیارانە بە مەرجەکانی ئاشتی ناوبراون، لەم چوارچێوەیەشدا ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) گرنگی زۆری بەم ڕووداوانە داوە و لەسەر لاپەڕەی ژمارەکانی بەشێوەیەکی بەرفراوان باسی کردووە، هەربۆیە هەوڵمان داوە بەشێوەی هەڵێنجان و بە ڕێنووسی سەردەم بیانخەینەڕوو.

## یەکەم: بەیاننامە:

دوای ئەوەی کۆنگرەی پاریس (مجلس روژ هلاتی نزیك)، لە نێوان 22 تاوەکو 26ئاداری1922 بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لە کارو کۆبوونەوەکانی بەردەوام بووە(MADAŞ,2019:41)، سەرباری پێشنیاری ئاگربەست، کێشەی دارایی و گەرووەکان، پرسی تراکیا و ئەدرنە و ئەزمیر، کێشەی ئەرمەنیەکان و زۆرباس و بابەتی دیکەی تایبەت بە کێشەی تورك و یۆنانیەکانی خستۆتەروو قسەی لەبارەوە کردووە(TURAN,2019:229-230) سەرئەنجام هەموو ئەمانەی لە چوارچێوەی چەند

بەیاننامەیەك كە مەرجەكانی ئاشتی تایبەت بە (تورك و یۆنانیەكان) یشی. لەخۆ گرتبوو خستۆتەڕوو كۆتایی بەكارەكانی هێناوە(پێشكەوتن، ژ108، 18مایسی1922: 4-5). بەمەش لە بەیاننامەیەكدا ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە: **بڕیارێك كە وەزیرانی دەرەوەی حكومەتەكانی هاوپەیمان ناردوویەتی بۆ حكومەتەكانی (ئیستانبۆڵ، ئەنقەرە و ئەسینا)، بۆ گەڕانەوەی ئاشتی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی نزیك. ئێمە كە وەزیری دەرەوەی 3 حكومەتی هاوپەیمانین (بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا) كۆبوونەوەمان كرد لە پاریس ڕۆژانی 22 تاوەكو 26ئاداری 1922 بەچاوێكی كراوەوە سەیری بابەتی گەڕانەوەی ئاشتییمان كرد سەرلەنوێ بۆ دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی نزیك. پاش گفتوگۆ و دانووستانی تەواو لەم بەیاننامەیە كە بڕیارمان لەسەرداوە ئاگاداری ئێوەی دەكەین ئومێد وایە دەربكەوێت كە ئەم بەیانە ڕاست و بەجێیە. هیواشمان وایە زوو نوێنەرتان بنێرن بۆ ئەو شارەی كە كۆبوونەوەی تێدا دەكرێت، بەو هیوایەی لە ڕۆژی ئەم بەیاننامەیەوە تاوەكو 3 هەفتەی دیكە كۆبوونەوە بكرێت**(پێشكەوتن، ژ108، 18مایسی1922: 4-5).

جێگەی باسە وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی هاوپەیمان دوای پێنج ڕۆژ لە گفتوگۆ و دانووستان دەربارەی ڕۆژهەڵاتی نزیك، دواجار بەهاوكاری خەڵكانێكی خاوەن ئەزموون و بە وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی ڕاوێژكارانی دارایی و سەربازی، (پێشكەوتن، ژ108، 18 مایسی-1922: 5)، بەیاننامەیەكی دیكەیان بەمشێوەیە خستۆتەڕوو: **ڕێككەوتن و ئاشتی لە نێوان هەردوو لایەنی تورك و یۆنان پێكبهێنرێت و لایەنگیری هیچ لایەكیان نەكرێت. بۆ تورك ئارەزووی ئەوە دەكەن لە هەموو ئەوناوچانەی زۆرینەن و بە ئیستانبۆڵی پایتەختیشەوە كە شارێكی گەورە و مێژووییە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیاندابێت. ئارەزووی بەدەستهێنانی ئیدارەیەكی دادپەروەرانە بۆ مسڵمانان و مانەوەی دەسەڵاتی ئاینی و دنیایی بۆ سوڵتانی تورك دەكەن. یۆنانیەكان بەهۆی ئەو ئازارەی كە لە جەنگی یەكەمی جیهانی لەڕێگای هاوپەیمانەكان تووشیان هاتووە مافی خۆیانە لە ژیانێكی شایستەدا بژین. پاراستن و سەلامەتی كەمینەكان لە ئەوروپاو ئاسیا بە پێویست دەزانن، ئەگەر موسڵمان بن یاخود مەسیحی. سەرباری ئەوەی ئارەزوو بۆ گۆڕینی ژینگەی جەنگی نێوان میللەتی تورك و وڵاتانی ئەوروپا دەكەن**(پێشكەوتن، ژ103، 13نیسانی1922: 2؛ پێشكەوتن، ژ108، 18 مایسی1922: 5).

**دووەم: پێشنیار و مەرجەكانی ئاشتی:**

لە ڕاستیدا وڵاتانی هاوپەیمان لە كۆتایی كۆنگرەكە و لە 26ئاداری1922 یاداشتێكی هاوبەشیان ئاڕاستەی هەریەك لە حكومەتەكانی (ئیستانبۆڵ، ئەنقەرە و ئەسینا) كردووە كە پێشنیارەكانی وڵاتانی هاوپەیمانی سەبارەت بە مەرجەكانی ئاشتی لەخۆگرتبوو(Bayülken,1981:177؛ YAVUZ,2009:118). بەمەش پێشنیار و مەرجەكانی ئاشتی بەمشێوەیە بووە كە ڕۆژنامەی (پێشكەوتن) ئاماژەی بۆ كردوون:

1- چۆڵكردن: **چۆڵكردنی ئەنادۆل لەلایەن یۆنانەوە چوار مانگ و چەند ڕۆژێكی دەوێت، لە دوای ڕازی بوونی هەردوولایەن بە مەرجەكانی ئاشتی، بەمەش لە دوای ئەم چۆڵكردنە تورك دەسەڵاتی لە ئاسیاوە درێژ دەبێتەوە لە نێوان دەریای سپی ناوەڕاست و دەریای ڕەشدا و لە گەرووەكانەوە تاوەكو پشت قەفقاس و لە سنوری فارس و عێراقەوە تاوەكو دەریای ئیجە، جێ بەجێكردنی ئەم بڕیارە پەیوەستە بە چۆڵكردنی ئەنادۆڵ لەلایەن یۆنان بە شێوەیەكی ئاشتی و لە ژێر چاودێری وڵاتانی هاوپەیمان**(پێشكەوتن، ژ102، 6نیسانی1922: 5؛ پێشكەوتن، ژ103، 13نیسانی1922: 1-2؛ پێشكەوتن، ژ108، 18مایسی1922: 6).

2- كەمە نەتەوەكان: **مافی كەمینەكان لە ڕووی نەتەوەیی و ئاینی هەموو ئەوانەی لە ئاسیا و لەژێر دەسەڵاتی تورك دان یاخود لە ئەوروپا و لەژێر دەسەڵاتی یۆنان دان، لە پاریس بڕیار دراوە ئەگەر تورك بوو بە ئەندام لە كۆمەڵەی گەلان لە دوای ڕازی بوونی بەمەرجەكانی ئاشتی، ئەوا كۆمەڵەی گەلان نوێنەرێكی باوەڕپێكرا و تایبەتی خۆی دەنێرێت بۆ چاودێریكردن و جێ بەجێكردنی مافی كەمینەكان لە ئەوروپا و ئاسیاو ئەو نوێنەرەش ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی ئاڕاستەی كۆمەڵەی گەلان دەكات**(پێشكەوتن، ژ104، 20نیسانی1922: 1-2؛ پێشكەوتن، ژ108، 18مایسی-1922: 6).

3- نیشتیمانێك بۆ ئەرمەن: **سەیری كێشەی ئەرمەن بكرێت و چارەسەربكرێت، بەوەی كە بۆچوونی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی هاوپەیمان وایە، ئەرمەن شایستەی ئەوەن یارمەتییان بدرێت و دامەزراندنی نیشتیمان و دەوڵەتێكی سەربەخۆ بۆیان بە چاودێری كۆمەڵەی گەلان بێت**(پێشكەوتن، ژ109، 25مایسی-1922: 4). بەڵام لە سەرچاوەیەكی دیكەدا وا باس كراوە كە دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ بۆ ئەرمەنەكان پەیوەست بووە بە بەشداری كردن و بە ئەندام بوونی توركیا لە كۆمەڵەی گەلان(Bayülken,1981:177).

4- گەرووەكان : **تورك دەسەڵاتیان لە گەرووی چناق قلعەوە دەچێتەوە كەنارە ئاوییەكانی ئاسیا، ناوچەی دەوروبەری گەرووەكان لەچەك دادەماڵدرێت وەك گەرووی بۆسفۆڕ و هەموو ئەو گەروانەی لە دەریای مەڕمەڕەدان وەك: لمنوس، لنبروس، تندوس، سموتریس، منلینی، هاوكات نیمچە دوورگەی گالیبۆلی دەدرێت بە یۆنان لە بەر ئەوەی زۆربەی دانیشتوانەكەی یۆنانین، بەڵام لەژێر چاودێری و كۆنترۆڵی سەربازی وڵاتانی هاوپەیمان دەمێنێتەوە، چاودێریكردن و بەڕێوەبردنی گەرووەكان لەلایەن كۆمسیۆنێكی نێودەوڵەتیەوە دەبێت و سەرۆكەكەی تورك دەبێت و ڕێگەدان بە هاتۆچۆی بازرگانی لەو گەرووانە بۆ ئەو وڵاتانە دەبێت كە نوێنەریان لەو كۆمسیۆنەدا هەبێت** (پێشكەوتن، ژ103، 13نیسانی1922: 1-3؛ پێشكەوتن، ژ109، 25مایسی1922: 4-5).

5- سنوری تراکیا: **وەزیری سێ دەوڵەت بەپێویستیان زانی چارەسەری چۆنیەتی تراکیا بکرێت، بەوەی دەبێت تراکیای ڕۆژهەڵات ئەوەی کە زۆر لە دانیشتوانەکەی یۆنانین بۆ یۆنان بێت، بەڵام هێشتا پارچەیەکی گەورە لەژێر دەسەڵاتی تورکدا دەمێنێت واتە دابەش دەکرێت بۆ دووبەش، هەروەها سنوری تورکیا لە ئەورپادا لە نزیك (غاتوز-غازی کوی- Gaziköy)، لەسەر کەناره ئاوییەکانی دەریای مەرمەڕەوە سەردەکەوێت بۆ باکور و باکوری ڕۆژهەڵات تاوەکو دەگاتە بەشی ڕۆژئاوای شاخی (استرانجە) لەوێشەوە تاوەکو سنوری بولگاریا، کە بەپێی ئەم سنورە شاری تەکرداغ بۆ تورك دەبێت، بەڵام هەریەك لە بابائسکی و کرکلیسا بۆ یۆنان دەبێت، بەمەش زەوییەکانی تراکیای ڕۆژهەڵات بێ شەڕ دەبێت و یۆنان ناتوانێت هەڕەشە لە ئیستانبۆڵ بکات، تورك ناگات بەوەی هێرش بکاتە سەر یۆنان چونکە ئەم ناوچەیە لەلایەن فەرماندە و یەکە سەربازییەکانی وڵاتانی هاوپەیمان لە نیمچە دوورگەی گالیبۆلیەوە چاودێری دەکرێت**(پێشکەوتن، ژ103، 13نیسانی1922 : 1، 3؛ پێشکەوتن، ژ110، 1حوزەیرانی1922: 3).

6- شاری ئەدرنە و ئەزمیر: **شاری ئەزمیر دەدرێتەوە بە تورك و شاری ئەدرنە لەژێر دەسەڵاتی یۆنان دەمێنێتەوە، لەگەڵ پاراستنی مافی کەمینەکانی ئەو دووشارە و بەشداری پێکردنیان لە بواری بەڕێوەبردندا** (پێشکەوتن، ژ103، 13نیسانی1922 :2-3؛ پێشکەوتن، ژ110، 1حوزەیرانی1922: 3). مەبست لەمە ئەوە بووە کە ئەو یۆنانیانەی شاری ئەزمیر لەگەڵ تورك دەمێننەوە و ئەو تورکانەی شاری ئەدرنە لەگەڵ یۆنان دەمێننەوە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەشدارییان پێبکرێت لە بەڕێوەبردنی ئەم شارانەدا(YILMAZ,2016:266).

7- بواری دارایی و قەرزەکان: **سزای دارایی و قەرەبووەکانی سەر تورك بەردەوام دەبێت، بەهۆی ئەوەی لە جەنگی یەکەمی جیهانی لەبەرەی وڵاتانی هاوپەیمان نەبووە، بەڵام چاودێری ناخرێتە سەر لایەنی دارایی و دوای سێ مانگ لە جێ بەجێکردنی مەرجەکانی ئاشتی بە هاوکاری وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی هاوپەیمان کۆمسیۆنێك پێکدەهێرێت بۆ پاککردن و ڕێکخستنی لایەنی دارایی**(پێشکەوتن، ژ103، 13نیسانی1922: 1-3). هاوکات دامەزراندنی کۆمسیۆنێك بەمەبەستی هەموارکردنەوە لە بڕیاری ڕادەستکردن لە بوارەکانی ئابوری و دادوەری لە حکومەتی تورکیادا (Bayülken,1981:177).

8- چۆڵکردنی ئیستانبۆڵ: **دوای جێ بەجێکردن و واژۆکردنی مەرجەکانی ئاشتی، ئیستانبۆڵ ڕادەستی حکومەتی (سوڵتان) دەکرێت و  وڵاتانی هاوپەیمان شارەکە چۆڵدەکەن، تورك بۆیان هەیە بۆ پارێزگاریکردنی پایتەخت داوای سەربازی زیاتر بکەن لەوەی کە لە پەیماننامەی (سیڤەر) بۆیان داندرابوو، هەروەها وڵاتانی هاوپەیمان ئەو ماددەی پەیماننامەی (سیڤەر) دەکشێننەوە کە هەڕەشەی لە ئیستانبۆڵ دەکرد**(پێشکەوتن، ژ110، 1حوزەیرانی1922: 3). لەبەرئەوەی لە ماددەی (36) ی ئەم پەیماننامەیە ئەوە هاتبوو کە: نابێت ئەو ماف و خاوەندارییەتیەی حکومەتی تورك بەسەر ئیستانبولەوە هەیەتی گۆڕانی بەسەر دابێت، بەڵام ئەگەر دەولەتی عوسمانی نەتوانێت بەندەکانی ئەم پەیماننامەیە و هەر پەیماننامەیەکی دیکە جێ بەجێ بکات، ئەوا وڵاتانی هاوپەیمان مافی ئەوەیان هەبوو کە هەر بڕیار و پێشنیارێکی بەسەردا بدەن( TEXTE FRANÇAIS, ANGLAIS ET ITALIEN:28).

9- بواری سەربازی: **وڵاتانی هاوپەیمان بۆ ڕێکخستنی هێزە سەربازییەکانی تورك ئامادەبوون ئەفسەر بنێرنە خزمەتی حکومەتی تورك**(پێشکەوتن، ژ103، 13نیسانی1922: 3). نەوەکو هەرئەمە بەڵکو لە تورکیا خزمەتی بەزۆر سەربازی نەدەما(ÇELİK,2015:103)، هاوکات هێزە سەربازییەکانی تورکیا ئەگەرچی بەپێی پەیماننامەی (سیڤەر)پەنجا هەزار سەرباز بوو، بەڵام بەپێی مەرجەکانی ئاشتی زیاد دەکرا بۆ (هەشتاو پێنج) هەزار سەرباز (الشناوی، 2004: 3/4، 422؛ YAVUZ,2009:118؛ Acaroğlu,2015:490).

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، لە کۆتایی مەرجەکانی ئاشتی ئەوەش هاتبوو کە: **ئەم یاداشتە یەکەمجار خراوەتە بەردەم هەردوو لایەنی ڕکابەر، دواتر خراوەتە پێش چاوی خەڵکی ئاسایی**(پێشکەوتن، ژ110، 1حوزەیرانی 1922: 3-4). بەمەش وەك دیارە دوای ڕاگەیاندنی مەرجەکانی ئاشتی، وڵاتانی هاوپەیمان داوایان لە تورك و یۆنانیەکان کردووە دوو نوێنەر بنێرن بۆ قسە کردن دەربارەی ئەم پێشنیار و مەرجانە، لەم چوارچێوەیەشدا ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لە هەواڵێکیدا لەژێر ناونیشانی (**کۆنگرەی ئاشتی نێوان تورك و یۆنان**) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: ((**نوێنەری وڵاتانی هاوپەیمان یاداشتێکی گەیاند بە بابولعالی و بە نوێنەری حکومەتی ئەنقەرە. بیری هاوپەیمانانی تێدا خسترابووەڕوو بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس. کاغەزێکیشی. لەگەڵ بوو تێیدا نووسرابوو کە ڕۆژی 5 ی نیسان یەکەم ڕۆژی ئەو 3 هەفتەیەیە کە لەسەر هەردوو دەوڵەت [ تورك و یۆنان ] داندراوە بۆ ناردنی دوو نوێنەر بۆ کۆبونەوە لە بارەی ئەم پێشنیارو مەرجانەوە**))(پێشکەوتن، ژ104، 20نیسانی 1922: 4).

**تەوەرەی دووەم: هەڵوێستی حکومەتەکانی (ئەنقەرە، ئیستانبۆڵ و ئەسینا) بەرامبەر بە پێشنیارەکانی ئاگربەست و ئاشتیی کۆنگرەی پاریس (مجلس روژهلاتی نزیك) لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن.**

لە ڕاستیدا ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) زۆر بەوردی کاری لەسەر گواستنەوەی ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەم کۆنگرەیە کردووە، بە تایبەتی هەواڵ و زانیارییەکانی دوا ڕۆژانی کۆنگرە و بڕیارەکانی، کە ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بە گرنگیدانی ئەم ڕۆژنامەیە بەم ڕووداوانەی دەوڵەتی بەریتانیا بەشێکە لێی. بۆئەمەش سەبارەت بە هەڵوێستی هەریەك لە حکومەتەکانی (ئەنقەرە، ئیستانبۆڵ و ئەسینا) بەرامبەر بە پێشنیارەکانی (ئاگربەست و ئاشتی) ئەوا دەکرێت بەم جۆرە بخرێنەڕوو:

**یەکەم: هەڵوێستی حکومەتی ئەنقەرە.**

وەك دیارە حکومەتی ئەنقەرە وەڵام و بڕیارەکانی لەمەڕ پێشنیارەکان، دواخستووە تاوەکو گەڕانەوەی یوسف کەمال بەگ(پێشکەوتن، ژ103، 13نیسانی1922: 3). چونکە

شاندی حکومەتی ئەنقەرە دەسەڵاتی ڕازی بوون بە پێشنیاری ئاگربەستیان پێ نەبووە(BAYIN,2005:98) هەربۆیە یوسف کەمال بەگ بەر لەگەڕانەوەی لەڕێگەی تەلەگرافەوە حکومەتی ئەنقەرەی لەمەڕ پێشنیاری ئاگربەست ئاگادار کردۆتەوە و لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) نووسیویەتی: ((**دەوترێت کە یوسف کەمال بەگ لە بارەی پێشنیاری ئاگربەستەوە بە تەلەگراف نووسی بۆ ئەنقەرە ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆیان لەسەر کرد بڕیاردرا بۆ ئەمە ڕاوێژ بە فەرماندەکانی سەربازی بکرێت، بەکورتی ڕێگرن بۆ مانەوەی سەربازی یۆنان کە لە ئێستادا 3 مانگیش زۆر زۆرە**))(پێشکەوتن، ژ102، 6نیسانی1922: 5). بەڵکو پەسند کردنی پێشنیاری ئاگربەست بەندە بە چۆڵکردنی دەستبەجێی ئەنادۆڵ لەلایەن یۆنانیەکان(YAVUZ,2009:118؛ مانجو، 2018: 366)، پێش دەستپێکردنی هەر دانووستانێکی ئاشتی(DALEZIOU:2002:236).

شایەنی باسە دوای گەڕانەوەی یوسف کەمال بەگ، ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەی تورکیا کۆبوونەوەیەکی بە شێوەی نهێنی(پێشکەوتن، ژ104، 20نیسانی 1922: 4) لە 4 نیسانی 1922 ئەنجامداوە بۆ وەڵامی وڵاتانی هاوپەیمان لەسەر پێشنیارەکانی ئاگربەست، لەو کۆبوونەوەیەدا قسە کراوە لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان کە بریتی بوون لە: کێشەی خۆرهەڵاتی تراکیا و دابەشکردنی لە نێوان تورکیا و یۆنان لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمان لە کاتێکدا ئەو ناوچەیە خاکی تورك و بەتەواوەتی تورکی بووە، سەرباری قسەکردن لەسەر کێشەی سنور لەگەڵ بولگاریاو کشانەوەی یۆنان لە ئەنادۆڵ و کێشەی گەرووەکان بە تایبەت لە دەریای مەڕمەڕە، سەرئەنجام لەم کۆبوونەوەیەدا وەڵامیان بۆ وڵاتانی هاوپەیمان ئەوەبووکە چۆڵکردنی ئەنادۆڵ لەلایەن یۆنانەوە مەرجی سەرەکی ئاگربەستەو بەبێ ئەوەی ئاماژە بە تراکیا بدەن، ئەمەش نارەزایەتی نوێنەرانی تراکیای لێکەوتۆتەوە(BAYIN,2005:99).

دوای ئەمەو حکومەتی ئەنقەرە بۆ ڕۆژی دواتر لە 5 نیسانی1922 بە شێوەیەکی فەرمی وەڵامی پێشنیاری ئاگربەستی داوەتەوە(ÇELİK,2015:112)، لەم چوارچێوەیەشدا ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لە بابەتێکدا لەژێر ناونیشانی (**وەڵامی حکومەتی ئەنقەرە لە سەر یاداشتی هاوپەیمانان**) بەمشێوەیە ئاماژەی بۆکردووە: **حکومەتی ئەنقەرە وەڵامیان دایەوە لە سەر یاداشتی هاوپەیمانان، بەوەی ناوەڕۆکی پێشنیاری ئاگربەست پەسند دەکەن بەو مەرجەی کە چۆڵکردنی ئەزمیر لە چوار مانگ و نیودا تەواو بێت. ئەگەر ئەم مەرجە پەسند کرا، ئامادەن بە ناردنی نوێنەر بۆ قسەکردن لە ئاشتی، حکومەتی ئەنقەرە ئەوەشی پەسند کردووە کە ماوەی چۆڵکردن بۆ سێ مانگی دیکە درێژبکرێتەوە ئەگەر لە ماوەی یەکەمی چۆڵکردنەکەدا کۆتایی بە بڕیارو پرۆگرامی ڕێککەوتن نەهات، پێویستە هێڵی گەورە[5] لەماوەی دوو هەفتەی یەکەمدا چۆڵبکرێت. ڕەزامەندن بەوەش کە هاوپەیمانان چاودێری لەسەر چۆڵکردن و چوونی سەربازی تورك بۆ ئەو شارانە بکەن کە یۆنان چۆڵی دەکردوو و دوای 15 ڕۆژ لێی دەچووە دەرەوە**(پێشکەوتن، ژ104، 20نیسانی 1922: 4).

لێرەدا وەك باس کراوە ئەگەر وڵاتانی هاوپەیمان ئەو مەرجانەی حکومەتی (ئەنقەرە) یان پەسند بکردایە، ئەوا حکومەتی ناوبراو لە ماوەی سێ هەفتەدا نوێنەری خۆی دەنارد بۆ ئەو شارەی کۆبوونەوەی تێدا دەکرا لەمەڕ پێشنیارو مەرجەکانی ئاشتی(Acaroğlu,2015:493)، بەڵام لەگەڵ بیستی ئەم هەواڵە لە هەموو ئەنادۆڵەوە دەنگی نارەزاییەتی بەرز بۆتەوە و لە ڕێگەی تەلەگرافەوە حکومەتی (ئەنقەرە) یان ئاگادار کردۆتەوە لەوەی کە پێشنیارەکانی ئاگربەست قبوڵ نەکات(Bayülken,1981:180).

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، دوای ئەوە وڵاتانی هاوپەیمان لە 15نیسانی1922 بە شێوەیەکی فەرمی وەڵامی حکومەتی (ئەنقەرە) یان داوەتەوە(MADAŞ,2019:42)، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) ئەوەی خستۆتەڕوو کە: **نوێنەری هاوپەیمانان لە ئیستانبۆڵ وەڵامی ئەو یاداشتەی کە بە ڕێکەوتی 5 ی نیسان بوو دایەوە بە نوێنەری حکومەتی ئەنقەرە. لەو وەڵامەدا هاوپەیمانان ڕایانگەیاندبوو کە لە توانایاندا نیە ڕەزامەندی بنوێنن بۆ ئەوەی یۆنان دەستبەجێ ئەندادۆڵ چۆڵبکات کە ئەوان وەکو مەرجی ئاگربەست دایان ناوە. بەڵام هاوپەیمانان ڕەزامەندن بەوەی کاتێك حکومەتی ئەنقەرە هەموو مەرجەکانی ئاشتی پەسند کرد، پابەندن بەوەی دەستبکرێت بە چۆڵکردن، ئەگەرچی یۆنان چۆڵکردنی ئەنادۆڵ وەك مەرجی ئاگربەست پەسند ناکات. ئەگەر گریمان پەسندیشی کرد، ئەستەمە ڕێ لە چوونی سەرباز بۆ تراکیا بگیرێت نەوەکو لەوێ کوشتار ڕووبدات. دوای ئەمەو وڵاتانی هاوپەیمان هەر لەو یاداشتە داوایان لە حکومەتی ئەنقەرە کردووە کە دەست لەزێدەڕۆیی هەڵبگرێت و مەرجی باسکراو پەسند بکات و ناوی نوێنەرەکانی بنێرێت بۆ مەبەستی قسەکردن لە ئاشتی**(پێشکەوتن، ژ106، 4مایسی1922: 2).

ئەوەی جێگەی تێبینی و هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەوەیە کە پشتیوانی وڵاتانی هاپەیمان و بەتایبەت بەریتانیا بۆ یۆنانیەکان سەرباری بەرژەوەندییەکانی خۆی، پێدەچێت لەبەر ئەوە بوبێت کە یۆنانیەکان ئەگەرچی لە جەنگی (سەقاریا[6]) شکستیان هێنابوو بەرامبەر بە حکومەتی ئەنقەرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشداو تاوەکو ئەوکاتە لەڕووی کردارییەوە زۆرترین خاکی ئەنادۆڵیان لەژێر دەستدابوو، لەلایەکی دیکە بەریتانیا پێی وابووە هەرجۆرە نەرمی نواندنێك بۆ حکومەتی ئەنقەرە بەواتای بەهێزبوونی ئەو حکومەتەیەو تەنانەت لەوەش ترساوە کە لەکاتی کشانەوەی یۆنان، حکومەتی ئەنقەرە هێرشی پێچەوانە ئەنجامبدات و سەرەڕای زیان گەیاندنی زۆر بە یۆنانیەکان بەرەو (ئیستانبۆڵ)یش هەنگاو بنێت کە ئەمەش بەریتانیای دەخستە دۆخێکی نەخوازراوەوە(EDİZ,2011:279,292,295).
هەربۆیە دەکرێت هەموو ئەمانە بەشێك بووبن لەو هۆکارانەی کە وڵاتانی هاوپەیمان و بەتایبەت بەریتانیا بەم جۆرە پشگیری لە یۆنان کردبێت.

وادیارە دوای ئەوە حکومەتی ئەنقەرە لە 22نیسانی1922 بە شێوەیەکی فەرمی وەڵامی ئەو یاداشتەی وڵاتانی هاوپەیمانی داوەتەوە کە لە 15نیسان بۆیان

ناردبوو(YAVUZ,2009:119؛ YILMAZ,2016:268)، ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لەژێر ناونیشانی (**وەڵامی حکومەتی ئەنقەرە لەسەر یاداشتی هاوپەیمانان**) بەمشێوەیە هاتووە: ((**لە ئیستانبۆڵەوە ڕاگەیاندراوە کە حکومەتی ئەنقەرە لەسەر یاداشتی هاوپەیمانان جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە کاتی ڕێککەوتنی ئاگربەست دەست بکرێت بە چۆڵکردنی ئەنادۆڵ، هاوکات داوای بینینی نوێنەری هاوپەیمانانی کردووە بۆ هەموارکردنەوەی ئەو یاداشتەو دەستبەجێ چونە گفتوگۆی ئاشتی ئەگەر گەیشتن بە ڕێککەوتنێك کە گرنگ بێت بۆی**))(پێشکەوتن، ژ107، 11مایسی1922: 1). واتە حکومەتی ئەنقەرە ڕایگەیاندبوو کە چۆڵکردنی ئەنادۆڵ و ئاگربەستەکە پێکەوە دەبن و تاوەکو ناوەچە داگیرکراوەکان چۆڵنەکرێت ئاگربەستێکی سەرکەوتوو نایەتە دی(Bayülken,1981:181).

لەلایەکی دیکە حکومەتی ئەنقەرە هەر لەو یاداشتەی 22 ی نیساندا پێشنیاری بۆ بەستنی کۆنگرییەك لە (ئەزمیت) کردبوو بەڵام ئەمە سەری نەگرتووە، ئەمەش پێدەچێت بۆ ئەوە بووبێت تاوەکو گفتوگۆ و دانووستانەکانی ئاشتی نێوان هێزە ڕکابەرەکان و لاتانی هاوپەیمان بەردەوامی هەبێت(YILMAZ,2016:268)، هاوکات هەر لەو یاداشتەدا ئەوەش هاتبوو کە ئامانجی یاداشتەکە پێداگری کردنە لە سەر چۆڵکردنی ناوچە داگیرکراوەکان و خستنەڕووی خراپی بارودۆخی موسڵمانانە لەو ناوچانە و ناوەندی بڕیار بەڵگەنامەی نیشتیمانی (میثاق میللی[7]) یەو بڕیارەکان لەوێوە دەردەچێت(ÇELİK,2015:110) .

ئەوەش دەمان گەیەنێت بەو ئەنجامەی کە حکومەتی ئەنقەرە پێشنیارەکانی ئاگربەستی ڕەتکردۆتەوە، ڕەتکردنەوەی پێشنیارەکانی ئاگربەست بەواتای ڕەتکردنەوەی مەرجەکانی (ئاشتی) یش هاتووە، چونکە بە پێ هاتنەکایەی ئاگربەست ئەومەرجانە هیچ بەهایەکی نەبووە. لێرەدا دەکرێت هۆکاری ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیارەنە لەلایەن حکومەتی ئەنقەرە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دوای سەرکەوتنی بەسەر یۆنانیەکان لەجەنگی سەقاریا، پێگەی نێودەوڵەتی بەهێزتربووە، بەتایبەت دوای ئەوەی کە لە 20تشرینی یەکەمی1921 ڕێککەوتننامەی (ئەنقەرە) ی لەگەڵ فەرەنسا واژۆ کردووە و بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە جەنگ و کردە سەربازییەکانی نێوانیان کۆتایی پێهاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێککەوتننامەیە وڵاتانی هاوپەیمانی دژ بە حکومەتی ئەنقەرە بەسەر دووبەرەدا دابەش کردبوو (ERDEM,2009:430)، فەرەنسیەکان بەڕوونی ڕایانگەیاندبوو کە چیدیکە کردەی سەربازی دژ بە حکومەتی ئەنقەرە ئەنجام نادەن(DALEZIOU:2002:234)، هاوکات ئەم وڵاتە وەك یەکەم هێزی هاوپەیمانان دانی بە حکومەتی ئەنقەرەدا نابوو(YAMAÇ,2015:34)، ئەمەش نارەزاییەتی بەریتانیای لێکەوتۆتەوە و ئەم هەڵوێستەی فەرەنسای بە ناپاکی کردن لە هاوپەیمانیەتی نێوانیان داناوە و تەنانەت پێی وابووە کە فەرەنسا پشتیوانی حکومەتی ئەنقەرە دەکات و دژ بە حکومەتی ئەسینای هاوپەیمانی بەریتانیا دەوەستێتەوە، هەربۆیە ئەمە وایکردووە هاوپەیمانەکانی پێشوو بکەونە دووبەرەی دژ بەیەك لەم قۆناغەدا(فرۆمکین، 2020: 430-431)، کە ئەمەش واتای بەهێزبوون و متمانە بەخۆبوونی زیاتری بەخشیوە بە حکومەتی ئەنقەرە لە بەرامبەر وڵاتانی هاوپەیمان و بەجۆرێك کە بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی ئەو بووە(بهنان، 1989: 109).

هاوکات وەك باس کراوە حکومەتی ئەنقەرە یادەوەرییەکی خۆشی لەگەڵ بەڵێنەکانی ئاگربەستی (مۆدرۆس) ی 1918 نەبووە کە وڵاتانی هاوپەیمان بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا سەپاندبوویان، بۆیە بەنیگەرانییەوە لە پرس و پێشنیارەکانی ئاگربەستی ئەم کۆنگرەیەی ڕوانییوە و نەوەکو هەر ئەمە بەڵکو وادیارە لە پێشنیارەکانی ئەم ئاگربەستە بە هیچ شێوەیەك باس لە چۆڵکردنی زەوییە داگیرکراوەکانی تورکیا نەکراوە، ئەمەش بۆ حکومەتی ئەنقەرە کارێکی ئاسان نەبووە کە بەپێشنیارەکانی ئاگربەستەکە ڕازی بێت و ئەو ناوچانە لەژێر چاودێری لیژنە سەربازییەکانی وڵاتانی هاوپەیمان جێبهێڵێت(ÇELİK,2015:108). ئەمە بێجگە لەوەی حکومەتی ئەنقەرە باوەڕی وابووە کە وڵاتانی هاوپەیمان بەم پێشنیارانەی ئاگربەست، دەیانەوێت سوپاکەی بێهێزبکەن و لەچاوەڕوانیدا بیانهێڵنەوە(YILMAZ,2016:265). بۆیە پەسندکردنی پێشنیارەکانی ئەم ئاگربەستەی بەستۆتەوە بە دەستبەجێ چۆڵکردنی ئەنادۆڵ لەلایەن یۆنانیەکانەوە، کەئەمە شتێکی ئەستەم بووە هەم بۆ یۆنان و تەنانەت بۆ بەریتانیا، چونکە لەوێدا بەرژەوەندییەکانیان نەوەکو هەر دەکەوتە مەترسیەوە بەڵکو کۆتایی پێدەهات.

**دووەم: هەڵوێستی حکومەتی ئیستانبۆڵ.**

دوای خستنەڕووی هەڵوێستی حکومەتی ئەنقەرە لەسەر پێشنیارەکانی (ئاگربەست و ئاشتی)، پێویستە ئاماژە بۆ هەڵوێستی حکومەتی ئیستانبۆڵ بکەین، بۆ ئەو مەبەستەو سەرەتا هەڵوێستی لەمەڕ پێشنیارەکانی ئاگربەستەکە دەخەینەڕوو، بەوەی بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بێت، کە لەژێر ناونیشانی (**وەڵامی بابولعالی لە سەر یاداشتی هاوپەیمانان تایبەت بە پێشنیاری ئاگربەست**) هاتووە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: ((**بابولعالی لەسەر یاداشتی هاوپەیمانان بۆ پێشنیاری ئاگربەست وەڵامی دایەوە کە مافی بڕیاردان لەم بابەتەدا تەنیا تایبەت بە من نیە. لەبەر ئەوە یاداشتی هاوپەیمانانی نارد بۆ حکومەتی ئەنقەرە. چونکە ئارەزووی ئەوە دەکەن. بابولعالی لە وەڵامەکەدا وتوویەتی لە یاداشتی هاوپەیمانانەدا باسی چۆڵکردنی تراکیا و ئەدرنە نیە**))(پێشکەوتن، ژ103، 13نیسانی1922: 1). بەمەش سەبارەت بەم هەڵوێستەی حکومەتی ئیستانبۆڵ و ناردنی ئەم پێشنیارانە بۆ حکومەتی ئەنقەرە، لەسەرچاوەیەکی دیکەدا وباس کراوە حکومەتی ئیستانبۆڵ لەوە تێگەیشتبوو کە وەڵامەکەی هیچ گرنیەکی نابێت پێش ئەوەی حکومەتی ئەنقەرە وەڵام بداتەوە هەربۆیە ئاشکراکردنی بۆچوونی خۆی خستۆتە دوای وەڵام و لێدوانەکانی حکومەتی ئەنقەرە(ÇELİK,2015:110). بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ڕاستی ڕووداوەکە پشت بە بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوەی تورکی دەبەستین کە تێیدا هاتووە: ((ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەی

توركیا بڕیاری داوە تاوەكو ئاژانسیـ ئەنادۆڵ پێشنیارەكانی ئاگربەستی كۆنگرەی پاریس ڕانەگەیەنێت، ڕۆژنامەكانی ئیستانبۆڵ لە ڕۆژەكانی 23، 24، 25 ئاداری 1922 ڕێگری لە هاوردەكردن و بڵاوكردنەوەیان دەكرێت)).[*]بڕوانە پاشكۆی ژمارە (1) (Devlet Arşivleri Başkanlığı Cumhuriyet Arşivi/ 30-18-1-1/4 -53-5/KARARLAR DAİRE BAŞKANLI LĞI (1920-1928)). ئەوەش ئاماژەییەكی ڕوونە بەوەی كە حكومەتی ئەنقەرە بەر لەوەی هەڵوێستی خۆی لەسەر پێشنیارەكانی ئاگربەست بخاتەڕوو، ڕێگری لە هەرجۆرە هەڵوێستێكی حكومەتی ئیستانبۆڵ لەسەر ئەم پێشنیارانە كردووە.

شایەنی باسە دوای ئەوەی حكومەتی ئەنقەرە لە 5 نیسانی 1922 بە شێوەی فەرمی وەڵامی پیشنیارەكانی ئاگربەستی داوەتەوە، دواتر حكومەتی(ئەستانبوڵ) لە 8 نیسانی 1922 وەڵامی ئەم پێشنیارانەی داوەتەوە و بە شێوەیەكی گشتی داوای ئەوەی كردبوو كە ئەو هێزانەی یۆنان ئەنادۆڵ چۆڵ دەكەن (ڕەوانەی تراكیا بكرێن - Trakya’ya gonderilmesini istemiştir)(Bayülken,1981:180)، بەڵام ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەی (پێشكەوتن) بە جۆرێكی دیكە هاتووە و بەمشێوەیە ئاماژەی بۆ كردووە: ((**بابولعالی لەسەر وەڵامی پێشنیاری هاوپەیمانان داوای ڕێكەوتنی ئاگربەستی كرد لەگەڵ دەرچون و چۆڵكردنی ئەنادۆڵ لەلایەن سەربازی یۆنان و هیچ یەكێكیان ڕەوانەی تراكیا نەكات، لەوەڵامەكەیدا ئەوەشی خستۆتەڕوو كە حكومەتی ئیستانبوڵ مەبەستی هەر پاراستنی تورك و پارێزگاری سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری و هێنانەدی ئاشتیەكی دادوەرانە و بەردەوامە لە ڕۆژهەڵاتی نزیك دا**))(پێشكەوتن، ژ105، 27نیسانی1922: 2).

وادیارە وڵاتانی هاوپەیمان هەرزوو ئەو داوایەی حكومەتی(ئیستانبۆڵ) یان ڕەتكردۆتەوە، ئەوەتا ڕۆژنامەی (پێشكەوتن) لە ژمارە (106)یدا، ئاماژەی بە هەواڵێكی لەم شێوەیە داوە بەوەی كە: **نوێنەری هاوپەیمانان لە ئیستانبۆڵ وەڵامی هاوپەیمانانی لە بارەی پێشنیاری ئاگربەستەوە داوە بە بابولعالی بەوەی كە هیچ مەترسیەك لەوێدا نیە بابولعالی لێی بترسێت، كاتێك یۆنان سەرباز ڕەوانەی تراكیا بكات، هاوكات ئەو ئاگادارییەی بە ئێوە دراوە بە حكومەتی ئەنقەرەش دراوە كە دەست بەچۆڵكردنی ئەنادۆڵ ناكرێت تەنیا دوای ئەوە نەبێت كە یۆنان مەرجەكانی ئاشتی پەسند بكات**(پێشكەوتن، ژ106، 4مایسی1922: 5). بەڵام وەك باس كراوە حكومەتی ئیستانبۆڵ بە پێشنیارەكانی ئاگربەست ڕازی بووە(بهنان، 1989: 108).

لەم بارەیەوە و سەبارەت بە هۆكاری ڕازیبوونی حكومەتی ئیستانبۆڵ بە پێشنیارەكانی ئاگربەست دەكرێت بووترێت كە دوای ئەوەی وڵاتانی هاوپەیمان لە 16ئاداری1920 دەستیان بەسەر ئیستانبۆڵ دا گرتبوو، هەموو شتێكیان خستۆتە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی خۆیان(أحمد، 2008: 29-30)، دواترو هەر لەو ساڵەدا پەیماننامەی (سیڤەر) یان بەسەردا سەپاندووە(سعید، 1922: 33)، كە ئەمەش ئاماژەیەكی ڕوونە بۆ ئەوەی حكومەتی ئیستانبوڵ ئەو هێزو دەسەڵاتەی جارانی نەماوە و بە ئاراستەی سیاسەتی وڵاتانی هاوپەیمان هەنگاوی ناوە(YILMAZ,2016:264)، بۆیە دەكرێت بووترێت كە ڕازیبوون بەپێشنیارەكانی ئاگربەستی ئەم كۆنگرەیەش بەشێك بووبێت لە جێ بەجێكردنی سیاسەتەكانی وڵاتانی هاوپەیمان لەلایەن حكومەتی (ئیستانبۆڵ)هوە.

دوای ئەمەو سەبارەت بە هەڵوێستی حكومەتی ئیستانبۆڵ لەسەر پێشنیارو مەرجەكانی ئاشتی وڵاتانی هاوپەیمان لە كۆنگرەی پاریس (مجلس روژ هلاتی نزیك)، وەك دیارە (عزەت پاشا) ی وەزیری دەرەوە و سەرۆكی شاندی حكومەتی ئیستانبۆل دوای گەڕانەوەوەی ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كە یاداشتی كۆتایی وڵاتانی هاوپەیمان لەم كۆنگرەیەدا هەنگاوێكی گەورەیە بۆ بەرەو پێشچوونی ئاشتی(پێشكەوتن، ژ104، 20نیسانی1922: 3-4). بۆئەمەش دوای ئەوەی وڵاتانی هاوپەیمان ڕایانگەیاندبوو 5 نیسانی1922 یەكەم ڕۆژی ئەو سێ هەفتەیەیە كە تورك و یۆنان نوێنەریان بنێرن بۆ قسەكردن لە سەرباس و بابەتی مەرجەكانی ئاشتی بۆ ئەو شوێنەی كە تاوەكو ئەوكاتە دیاری نەكرابوو، وەك پێشتر ئاماژەی بۆكرا(پێشكەوتن، ژ104، 20نیسانی1922: 4)، بەمەش حكومەتی ئیستانبۆڵ بەمشێوەیە وەڵامی داونەتەوە كە ڕۆژنامەی (پێشكەوتن) ئاماژەی بۆكردووە: ((**بابولعالی وتی ئامادەم بۆ ناردنی شاندێك دوای 3 هەفتە بۆ قسەكردن لە بابەتی ئاشتی، دڵتەنگی خۆشی دەربڕی بەوەی كە لەبەر هۆكاری ناوخۆیی پێی ناكرێت لە ئیستانبوڵ كۆبوونەوە بكرێت، بۆیە بۆ ئەو مەبەستە داوا لە وڵاتانی هاوپەیمان دەكات شارێكی دیكە لە ڕۆژئاوای ئەوروپا دەستنیشان بكەن**))(پێشكەوتن، ژ105، 27نیسانی1922: 3).

ئەوەی جێگەی تێبینی و هەڵوەستە لەسەركردنە ئەوەیە كە لە سەرچاوەیەكی دیكەدا واباس كراوە بابولعالی داوای كردووە كۆبوونەوەكە لە ئیستابۆڵ یاخود لە شارێكی دیكەی توركیا بەڕێوە بچێت بۆ ئەوەی دیاری كردنی چارەنووسی میللەتێك لە سەرخاكی خۆی ئەنجام بدرێت، چونكە شوێنی بەڕێوەچوونی كۆبوونەوەكە كاریگەری لەسەر بڕیارەكان دەبێت، بەڵام دوای ئەوەی ئەو داواكارییەی بابولعالی لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە پەسند نەكراوە هەربۆیە ناوبراو ناچاربووە داوای ئەوە بكات كۆبوونەوەكە لە یەكێك لەشارەكانی وڵاتانی هاوپەیمان لە خۆرئاوای ئەوروپا بەڕێوە بچێت(ÇELİK,2015:112).

لە دوای ئەمەو هەر سەبارەت بە وەڵامی حكومەتی ئیستانبوڵ لەسەر مەرجەكانی ئاشتی كۆنگرەی پاریس (مجلس روژهلاتی نزیك)، ئەوا ڕۆژنامەی (پێشكەوتن) لە ژمارە (108) یدا، ئاماژەی بۆ ئەم هەواڵە كردووە و پوختەی وڵامەكە بەمشێوەیە بووە: **حكومەتی بابولعالی هەموو پێشنیاری وڵاتانی هاوپەیمان پەسند دەكات بۆ گەیشتن بە ڕێككەوتن، بەڵام بە ڕەچاوكردنی هەندێك خاڵی گرنگ كە پەیوەندی بەلایەنی سەربازی، دارایی و قەرەبووكردنەوە هەیەو جەختی لەسەر پێویستی بەخێرایی چۆڵكردنی هەموو ئەو ناوچانە كردۆتەوە كە دەستی بەسەردا گیراوە، دابەشكردنی تراكیای ڕۆژهەڵاتی بەپێچەوانەی ئەو ڕێكخستنانەی وڵاتانی هاوپەیمان لەقەڵەمدا بوو كەپێشتر دایان ناوە، ناڕەزایەتی دەربڕیوە بە**

**چاودێریکردنی وڵاتانی هاوپەیمان بەسەر گەرووەکان و داوای سەربەستی تەواوی بۆ گەرووەکان کردووە، ڕایگەیاندبوو کە نابێت تورکیا زەرەرمەند بێت لە قەرەبووکردنەوەی یۆنان کە بەهۆی وڵاتانی هاوپەیمان لەجەنگی یەکەمی جیهانی تووشی زیان هاتبوو، هاوکات داوای یاسایەکی دادپەروەرانەی بۆ موسڵمانان و پاراستنی دەسەڵاتی ئایینی سوڵتان کردووە، لە هەمان کاتدا ڕێزگرتنی کەمە نەتەوەکان و بوونی پەیوەندییەکی ئاشتیانە و بەردەوام لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانی دووپاتکردۆتەوە، لە کۆتایی یاداشت و وەڵامەکەیدا داوای لە وڵاتانی هاوپەیمان کردبوو زوو ئەو شوێنە دەستنیشان بکەن تاوەکو نوێنەرەکانی بنێرێت بۆ قسە کردن لەئاشتی** (پێشکەوتن، ژ108، 18مایسی- 1922: 3).

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، دەگەین بەو ئەنجامەی کە حکومەتی ئیستانبۆڵ مەرجەکانی ئاشتی پەسند کردووە. بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ڕاستی ڕووداوەکە دەگەڕێینەوە بۆ یەکێك لەسەرچاوەکان کە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: حکومەتی بابولعالی بە بێ هیچ مەرجێك و پێش دەستپێکردن و چۆڵکردنی ئەنادۆڵ لەلایەن یۆنانیەکانەوە مەرجەکانی ئاشتی پەسند کردووە(ÇELİK,2015:112). ئەمەش پێدەچێت بەهۆی ئەوە بووبێت کە حکومەتی ئیستانبۆڵ حکومەتێکی لاوازبووە و لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە ئاڕاستە کراوە، هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا، تەنانەت وەك باس کراوە حکومەتی ناوبراو هەوڵی داوە لە ڕێگەی پەسندن کردنی ئەم مەرجانە و بەپشت بەستن بەسیاسەتەکانی بەریتانیا، پارێزگاری لە بەرژەوەندیی و دەسەڵاتەکانی خۆی بکات( :YILMAZ,2016 264-265). هەربۆیە پێشنیارەکانی ئاگربەست و ئاشتی پەسند کردووە.

**سێیەم: هەڵوێستی حکومەتی ئەسینا.**

هەڵبەتە دوای خستنەڕووی هەڵوێستی حکومەتەکانی (ئیستانبۆڵ و ئەنقەرە)، ئەوەی ماوەتەوە باس کردنە لە هەڵوێستی حکومەتی ئەسینا لەمەڕ پێشنیارەکانی ئاگربەست و ئاشتی، بۆئەمەش سەرەتا و سەبارەت بە هەڵوێستی حکومەتی ناوبراو بەرامبەر بە پێشنیارەکانی ئاگربەست، کە بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بێت، حکومەتی ئەسینا پێشنیارەکانی ئاگربەستی پەسند کردووە، بەڵام ئامادەی دەست بەجێ چۆڵکردنی ئەنادۆڵ نەبووە بەوەی کە حکومەتی ئەنقەرە داوای کردبوو، لەم بارەیەوە و سەبارەت بەم باسە ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: ((... **یۆنان پێشنیاری ئاگربەستی پەسند کرد لە ئەنادۆڵ بەڵام ڕازی نین بۆ چۆڵکردنی ئەنادۆڵ چونکە بەوە هەموو هەوڵ و ماندووبوونیان لەوێ بێ ئەنجام دەبێت و خەڵکی یۆنان دەکەوێتە ژێر بەزەیی و دەسەڵاتی تورك**))(پێشکەوتن، ژ102، 6نیسانی1922: 5).

دەکرێت بووترێت ڕازی بوونی حکومەتی ئەسینا بە پێشنیارەکانی ئاگربەست بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخە بووە کە لە ئەنادۆڵ تووشی هاتبوو(DALEZIOU:2002:235؛ YAVUZ,2009:118)، بەتایبەت دوای شکستهێنانی بەرامبەر بە حکومەتی ئەنقەرە لە جەنگی سەقاریا لە بارودۆخێکی باشدا نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ناوچەیەکی بەرفراوان لە خاکی ئەنادۆڵی لەژێر دەسەڵاتدا بووە، بۆیە هەوڵی داوە ئەو ناوچانە وەك چەکێکی بەهێز لە کاتی گفتوگۆ و دانووستانەکان بەکاربهێنێت(EDİZ,2011:278-279)، بەمەش حکومەتی ئەسینا ویستوویەتی ئەو مەرجانەی کە بەکردەی سەربازی نەیتوانیووە بیسەپێنێت بەسەر حکومەتی ئەنقەرە، بتوانێت لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانووستانەکانەوە بەدەستیبهێنێت، لەلایەکی دیکە ئاگربەستەکە ڕێگەی بۆ یۆنانیەکان خۆشکردووە تاوەکو خۆیان ڕێکبخەنەوە و هێرش و کردەی سەربازی نوێ ئەنجامبدەن(ÇELİK,2015:108-110). هەربۆیە پێدەچێت ئەم هۆکارانە وای لە یۆنانیەکان کردبێت تاوەکو پێشنیارەکانی ئاگربەستەکە پەسند بکەن.

دوای ئەمەو سەبارەت بە هەڵوێستی حکومەت و کۆمەڵگەی یۆنان لەسەر پێشنیار و مەرجەکانی ئاشتی کۆنگرەی پاریس (مجلس روژهلاتی نزیك)، وەك باس کراوە لەناو کۆمەڵگەی یۆنانیدا کاردانەوەی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەتایبەت لایەنگرانی(مسیو فەنزیلوس[8]) وەکو لایەنێکی بەرهەڵستکار (ئۆپۆزسیۆن)، بانگەشەی ئەویان کردووە ئەگەر بێنەوە سەر دەسەڵات دەتوانن ڕێککەوتننامەیەکی لەوە باشتر بەدەستبهێنن، سەرباری ئەوەش کۆمەڵگەی یۆنان لەگەڵ ئەم مەرجانە نەبوونە و پێیان وابووە بەهۆی ئەمەوە خەباتی چەندین ساڵەیان لەسەر مێزی گفتوگۆ پشتگوێ دەخرێت و لە دەستدەچێت، هەربۆیە لەم نێوەندەدا حکومەتی ئەسینا هەوڵیداوە لە ڕێگەی پەڕلەمانەوە هەموان لە دەوری یەك بیرۆکە و بڕیار کۆبکاتەوە، بەڵام ئەمەش وادیارە ناکۆکی و ململانێی توندی لێکەوتۆتەوە (EDİZ,2011:293-294)، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) ئاماژەی بۆ هەواڵێکی لەم شێوەیە کردووە کە: **لە ئەنجومەنی نوێنەران (پەڕلەمان)، لە نێوان لایەنگرانی مسیو فەنزیلوس و مسیو گوناریسی- سەرۆك وەزیران، ناکۆکی توند هەبووە لەسەر مەرجەکانی ڕێککەوتنی نێوان تورك و یۆنان**(پێشکەوتن، ژ104، 20نیسانی1922: 2).

هەڵبەتە دوای ئەمە حکومەتی بەریتانیا بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ بەرهەڵستکارانی یۆنان گفتوگۆی کردووە، تاوەکو هەڵوێستەکانیان بگۆڕن و ناڕەزاییەتیەکان لەمەڕ پێشنیار و مەرجەکانی ئاشتی کەم بکەنەوە(,EDİZ 2011:294)، تەنانەت لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) ئەوەش هاتووە کە: ((**لە لەندەن چوارسەد نوێنەری ئەوروپا و ئەفریقا و ئەمریکا کۆبوونەوە لە بارەی هەڵوێستی یۆنان، بڕیارياندا کە یۆنان پێویستی بە هاوپەیمانان هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی لەگەڵ تورکیا**))(پێشکەوتن، ژ104، 20نیسانی1922: 2).

دوای هەموو ئەوانەی ئاماژەی بۆ کراو لە بەرمەبنای ئەم پێشهاتانە، دواجار وڵاتانی هاوپەیمان بەشێوەیەکی فەرمی داوایان لە حکومەتی ئەسینا کردووە وەڵامی پێشنیار و مەرجەکانی ئاشتی بداتەوە، کە لەم چوارچێوەیەدا ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بەمشێوەیە باسی کردووە: **هاوپەیمانان داوای وەڵام لە حکومەتی یۆنان دەکەن و ناچاری دەکەن بەوەی کە وەڵامی مەرجەکانی ئاشتی بداتەوە، پێشیان ڕاگەیاندووە**

**کە هیچ هۆکارێك نیە بۆ دواخستنی وڵامدانەوە و ئەوەتە حکومەتی ئیستانبوڵ و ئەنقەرە وەڵامی خۆیان داوەتەوە**(پێشکەوتن، ژ106، 4مایسی1922: 2).بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی ئەسینا سەرباری پەسند کردنی پێشنیارەکانی ئاگربەست وەڵامی بەیاننامەی 26 ئاداری 1922 وڵاتانی هاوپەیمانی نەداوەتەوە کە پێشنیار و مەرجەکانی ئاشتی لە خۆ گرتبوو(Bayülken,1981:178).

سەبارەت بە هۆکاری ئەم وەڵام نەدانەوەیەی یۆنان بۆ ئەم پیشنیار و مەرجانە وەك باس کراوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یۆنانیەکان نەیان ویستووە وەڵامێکی یەکلاکەرەوە بدەنەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ رێککەوتن ئاشکرا بکەن، تاوەکو تورکەکان بەوە تێنەگەن کە یۆنانیەکان ئامادەن بۆ ئەوەی بە هەر نرخێك بێت رێککەوتن بکەن، لەلایەکی دیکە هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا لایەنگرانی مسیو فەنزیلوس بانگەشەی رێککەوتنی لەوە باشتریان کردووە و کۆمەڵگەی (یۆنان) یش پێیان وابووە بەم رێککەوتنە بەرهەم و خەباتی چەندین ساڵەیان لە سەر مێزی گفتوگۆ لەدەست دەدەن و بۆیە خۆشحاڵ بوون تورکەکان ئەم مەرجانە پەسند نەکەن، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا رۆژنامەکانی یۆنان فشاریان خستۆتە سەر حکومەت تاوەکو مەرجەکانی ئەم گۆنگرەیە بۆ دانووستان و رێککەوتن رەتبکاتەوە و لە هەمان کاتدا هیوایان بۆ ئەوە خواستووە کە تورکەکان وەڵامێکی ئەرێنیان بۆ ئەم مەرجانە نەبێت، بۆ ئەوەی وڵاتانی هاوپەیمان هەڵوێستێکی نەرمتر بەرامبەر بە یۆنانیەکان بگرنەبەر( EDİZ, 2011:293-295).

ئەوەی ماوەتەوە و پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە وەك دەردەکەوێت ئەم دەستپێشخەرییەی وڵاتانی هاوپەیمان سەرکەوتوو نەبووە، سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنیشی. بەشێکی پەیوەندی بە وڵاتانی هاوپەیمان خۆیانەوە هەبووە، لەم سۆنگەیەوە رۆژنامەی (پێشکەوتن) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: ((**دەرکەوت سەرنەکەوتنی ئەو ئاشتییەی لە پاریس داندرا، ئیتاڵیا گومانی هەیە لەوەی فەرەنسا رێککەوتن لە گەڵ حکومەتی ئەنقەرە بکات، لەسەر ئەوە زۆر لە راوێژکارانی بەریتانیا باوەڕیان وایە کاتی ئەوە هاتووە دەوڵەتە هاوڕا و بچوکەکان بانگهێشت بکرێن بۆ ئەوەی یاریدەدەر بن لە دانانی چارەسەرێکی نوێ بۆ ئاشتی رۆژهەڵات**))(پێشکەوتن، ژ107، 11مایسی1922: 6).

لەلایەکی دیکە فەرەنسیەکان گومانیان لە رەشنووسی رێککەوتن و کۆنگرەیەکی لەم شێوەیە هەبووە، کە لەلایەن بەریتانیەکانەوە دەستپێشخەری بۆ کرابوو، چونکە پێیان وابووە بەریتانیەکان بەردەوام دەبن لە پشتگیریکردنی یۆنانیەکان و لە پشتیان دەوەستنەوە، بۆیە دۆخێکی لەم شێوەیە کە لە رکابەری بەریتانیا و فەرەنسا سەرچاوەی گرتووە و خۆیان خاوەنی دەستپێشخەریەکی لەم شێوەیە بوونە، رێگریەکی گەورە بووە لە بەردەم پێکهێنانی زەمینەی رێککەوتن(EDİZ, 2011:291).

هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا دوای ئەوەی حکومەتی ئەنقەرە پێشنیاری ئەوەی کردبوو کە ئامادەیە لە شاری (ئەزمیت) لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان کۆببێتەوە، هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا، هەرچەندە حکومەتی فەرەنسا ئارەزووی پەسند کردنی ئەو پێشنیارەی کردووە(Bayülken,1981:181؛ Acaroğlu,2015:493)، بەڵام بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی (پێشکەوتن) بێت، بەریتانیا و ئیتاڵیا لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی فەرەنسا هاوهەڵوێست نەبوونە، کە لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەم هەوڵە رۆژنامەکە باسی لەوە کردووە: **زانراوە هۆکاری دواخستنی وەڵامی هاوپەیمانان لەسەر یاداشتی حکومەتی ئەنقەرە، بە هۆی هەڵوێستی فەرەنسابووە کە رەزامەندی لەسەر ئەو بەیانە بووە، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەکی سەربەخۆ لە ئەزمیت بکرێت، بەڵام بەریتانیا و ئیتاڵیا ویستوویانە بۆ ئەوانەی کە پەیوەندییان بەم کارەوە هەیە نوێنەریان لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا هەبێت**(پێشکەوتن، ژ109، 25مایسی1922: 4). بۆئەمەش وەك باس کراوە بەریتانیا ئامانجی بەرێکرنی کات و سەرقاڵکردنی حکومەتی ئەنقەرە بووە(Bayülken,1981:181)، هاوکات وڵاتانی هاوپەیمان لە ژێر پەردەی ئاشتییەوە و لە رێگەی چەند دەسکارییەکی کەم کاریان بۆ جێ بەجێکردنی پەیماننامەی (سیڤەر) و لاوازکردن و نە هێشتنی دەسەڵاتی حکومەتی ئەنقەرە کردووە (YILMAZ,2016:267-268).

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، بەشێکی دیکە لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەم گۆنگرەیە پەیوەندی بە حکومەتی ئەنقەرەوە هەبووە، بەوەی کە حکومەتی ناوبراو بەردەوام پێداگری لەسەر چۆلکردنی دەستبەجێی ئەنادۆڵ لەلایەن یۆنانیەکانەوە کردۆتەوە و سەرباری ئەوەی بەڵگەنامەی نیشتیمانی (میثاق میلی) بەناوەندی بڕیارەکان داناوە (ÇELİK,2015:110)، تەنانەت رێکردنەوەی هەموو پێشنیارەکانی ئاگربەست و ئاشتی ئەم کۆنگرەی بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە لەگەڵ میثاق میللی دژ بەرن و یەك ناگرنەوە(الشناوی، 2004: 3/4، 422)، لەلایەکی دیکە حکومەتی ئەنقەرە خۆی بە دەسەڵاتی یەکەمی هەموو تورکیا زانیوە و پێی وابووە هیچ گۆڕانکارییەکی بنچینەیی و بەرچاو لە پەیماننامەی (سیڤەر) روونەداوە و تەنانەت هەرگۆڕانکارییەکی لەم پەیماننامەیە بەکەم داناوە(YILMAZ, 2016:266)، لەبەرئەوەی پێی وابووە هەموارکردنەوە و دەستکاریکردنی ئەم پەیماننامەیە بەمانای خۆبەدەستەوە دانەو ئەویش ئەمەی لاپەسند کراو نیەو بۆیە بڕیاری داوە بەوەی کە بەرەکانی جەنگ شوێنی یەکلایی کردنەوەی کێشەکانە، دوای ئەمەو (یۆنانیەکان)یش لای خۆیانەوە هەمان هەنگاویان ناوە(بهنان، 1989: 109)، هەرچۆنێك بێت تاوەکو ئێرە ئاڵوگۆری ئەو یاداشتنامانەی نێوان لایەنەکان هیچ ئەنجامێکی نەبووە(Bayülken,1981:181). بەمەش دوای ئەمەو بەچەند مانگێکی کەم دواتر حکومەتی ئەنقەر لەبەرەبەیانی رۆژی 26ئابی1922 هێرشێکی گەورە و بەرفراوانی بۆ سەر یۆنانیەکان لە ئەنادۆڵ دەستپێکردووە و لە نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی1922 یۆنانیەکانی تووشی شکستی گەورە کردووە، سەرئەنجام لە 11 تشرینی یەکەمی 1922 ئاگربەست لە نێوانیان واژۆکراوە، دوای ئەمەو لە 15ی هەمان مانگ بە کشانەوەی یۆنان لە تراکیای رۆژهەڵات کردە سەربازییەکانی نێوانیان کۆتایی پێهاتووە و یۆنانیەکان دەست بەرداری خاکی

ئـــــــــــەنادۆڵ بوونە(أحمــــــــــــــد، 2008: 35-36؛ YAVUZ,2009:121,131-133).
لەژێر ڕۆشـنایی ئـەوەی کـە لەسـەرە ئاماژەی بـۆکرا، دەکرێت بووترێت بەرژەوەندییـەکانی وڵاتـانی هاوپـەیمان و هەوڵـدان و کـارکردن بـۆ جێ بـەجێکردنی سیاسـەت و بەرژەوەندییـەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و بەتایبەت لە ئەنادۆڵ، لەلایەکی دیکە ویسـتی لایەنـە ڕکابـەرەکان بـۆ بەردەوامیـدان بـە کـردەی سـەربازی نێوانیـان و بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانیان باوەڕیـان وابووبێت تەنیا جەنگ سەنگی محکە، ئەمانە بە دوو فاکتەری سـەرەکی سـەرنەکەوتنی ئـەو دەستپێشـخەرییە دادەنـدرێن کـە وڵاتانی هاوپەیمان خستبوویانە بەردەم (تورك و یۆنانیەکان) و بە کۆنگرەی پاریس (مجلس روژهلاتی نزیك) ناسراوە.

## ئەنجام:

1- بـەو پێیـەی ڕۆژنامـەی (پێشـکەوتن) لـە شـاری سـلێمانی و لەلایـەن کـار بەدەسـتانی بـەریتانیاوە دەرچـووە، بەئاڕاسـتەی بەرژەوەنـدیی و سیاسـەتەکانی ئـەوان کـاری کـردووە و لـەم قۆناغەدا گۆڕان بەسەر سیاسەتی ڕۆژنامەکەدا هاتووە و بەراورد بـە پێشـووتر بێلایەنانـە هـەواڵ و زانیارییـەکانی گواسـتۆتەوە و خستۆتیەڕوو، بەمەش زۆر بەوردی کاری لەسەر گواستنەوەی ڕووداو و پێشـهاتەکانی ئـەم کۆنگرەیـە کـردووە، ئـەوەش ئـەوە دەردەخـات کە ڕۆژنامەکە زیاتر گرنگی بەو ڕووداوانە داوە کە دەوڵەتی بەریتانیا بەشێك بووە لێی.
2- سـەرکەوتن و شکسـتی هـێزە سـەربازییە شـەرکەرەکان ڕەنگدانـەوەی گـەورەی بەسـەر ڕەتکردنـەوە و ڕازیبـوون بـە کۆنگرەی پاریس (مجلس روژ هلاتی نزیك) هەوە هەبووە، ئەمە سـەرباری هـەوڵی وڵاتـە زلهێزەکـان کـە ڕۆڵـێکی کاریگـەریان لـە پرسەکە بینیووە.
3- سـەرباری ئـەوە فەڕەنسـا و بـەریتانیا هاوپـەیمان بوونـە لـە قۆنـاغی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی و دوای جەنگەکـە، بـەڵام بەرژەوەندیە تایبەتییەکان کە کرۆکی سیاسەتی وڵاتانی زلهێزە، زۆرجـار نیگـەران بوونـە لـە جوڵـەکانی یـەکترو هەنـدێ جـار گەیشتۆتە سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوانیان لەسەر پرسێك.

## پەراوێزەکان.

[(1)] دوای ئەوەی بەریتانیەکان لە مانگی تشرینی دووەمی 1918 (شـێخ محمـود) یـان کـردووە بـە دەسـەڵاتداری کوردسـتان بەتایبەت ناوچـەی سلیمانی، بەڵام زۆری نەخایاندووە ناکۆکی لـە نێـوان نـاوبراو و بەریتانیـەکان دروسـت بـووە، تـاوەکو کار گەیشتووە بەوەی دەست بەسەر شاری (سلێمانی) دا بگرێت و بەریتانیـــەکانی لەوێـــدا دەرکـــردوە، بـــەڵام دواتـــرو لـــە 18حـــوزەیرانی1919لـــە شـــەڕێکی بێ ئاکـام و نابەرامبـــەر لـە (دەربەنـدی بازیـان) بەرامبـەر هێزەکـانی بـەریتانیا شکسـتی هێناوە و دوای بریندابوونی و دەستبەسەرکردنی، لە دەسەڵات دوریـان خسـتۆتەوە و هـەرزوو دەسـتیان بەسـەر سـلێمانی دا گرتۆتـەوە بڕوانـە: (تـەقی، 1970: 23، 31-33؛ بیـل، 1971: 199-203).
[(2)] نـاوی تـەواوی: ئـێلی بانیسـتەر سـۆن (Ely BannisterSoane)هو لە 16ی ئابی 1881 لە کنزنگتن-(Kensington)، لە بەریتانیا لە دایکبووە، لە تەمەنی هەشت سـاڵیدا چۆتـە قوتابخانـە و لـە نێـوان سـاڵانی 1889-1898 سـەرکەوتووانە قۆناغـەکانی خوێنـدنی تـەواو کـردووە، بێجگـە لەوەی زمانی فەڕەنسی زانیوە، خولیای بۆ فێربوونی زمانەکانی ڕۆژهەڵات هەبووە. هەربۆیە زۆر بە باشی فێری زمانی فارسی بـووە و تەنانـەت دەسـتی کـردووە بە فێربـوونی زمـانی کـوردی و چەنـدین کتێـب و نامیلکـە و بڵاوکـراوەی لـە بـارەی کـوردەوە نووسیوە و بڵاوکردۆتەوە. ساڵی 1919، نێردراوە بۆ سلێمانی و جێگەی (مەیجەر نوئیل)ی حاکمی سیاسی پێشووتری ئەوێ گرتۆتـەوە، سـاڵی 1921 سلێمانی بەرەو بـەریتانیا جێهێشـتووە. ساڵی 1922 بە مەبەستی چارەسـەرکردنی نەخۆشی نێردراوە بۆ بیزێرتــە(Bizerta)، لــە بــاکوری ئــەفریقا، دواتــرو بــەر لــە گەیشـتنەوەی بـە لەنـدەن هـەر لـە نـاو دەریـا و لـە ڕۆژی 24ی شوباتی 1923مردووە. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ هەریەك لــە: ( خفـــاف، 1945: 23-25؛ ســـۆن، 2007: 13-20؛ Soane,2013: 5-7).
[(3)] ئەو چاپخانەیە بوو کە (مەیجەر سۆن) هێناویەتیە شاری سلێمانی و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کارو بارەکانی و دانانی ڕێ و شـوێنی پێویسـت بـۆی گرتۆتـە ئەسـتۆی خـۆی و خـانووی (ئەفەندی) ناوێکی بۆ بەکرێ گرتووە(مظهر، 1979: 31).
[(4)] ئەو کەسە بووە کە لە کۆکردنەوەی پارەی لای کڕیارەکان و بـەڕێوەبردنی نوسـین و سەرپەرشـتی چـاپ هاوکاری (مەیجـەر ســـۆن) و دواتـــر (مەیجـــەر کولدســـمیث) ی کـــردووە. بڕوانە:(ئەمین، 2002: 2/2، 53).
[(5)] مەبەسـت هـێڵی ئەسکیشـهر_ کوتاهییـە(بهنان، 1989: 109).
[(6)] ئەو جەنگە بوو کە لە نێوان حکومەتی ئەنقەرە و یۆنانیەکان ڕوویداوە، لـە ڕۆژی 23ی ئـاب تـاوەکو 13 ئـەیلولی 1922 بـۆ مـاوەی بیسـت و دوو شـەو و ڕۆژ و بێپچـڕان بـەردەوام بـووە، سـەرئەنجام بـە سـەرکەوتنی حکومـەتی ئەنقـەرە و شکسـتی یۆنانیەکان تەواو بووە و لێرەوە حکومەتی ئەنقەرە چۆتە قۆناغی هـێرش بردنـەوە و یۆنانیـەکان بـۆ قۆنـاغی بـەرگریکردن گەڕاونەتـەوە و تـووشی دۆخـێکی سـەخت بوونـەو بـەدوای نێوەندگیری و دانووستاندا گەڕاون. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ هەریـەك لـە: (AKÇA ؛EDİZ, 2011:291278-280؛ SULU,2019:51-52).
[(7)] ئـەو بەڵگەنامەیـە بـوو کـە مستەفا کـەمال و لایـەنگرانی لـە 28کانوونی دووەمی1920 لەسەری ڕێککەوتوون و تێیدا داوای هـەموو ئەوانـەیان کـردووە: ئـازادی و سـەربەخۆیی تـەواو بـۆ هـەموو ئەوناوچانـە کـە زۆرینـەی دانیشـتوانەکەیان تـورکن، بڕیاردان لەچارەنووسی ئەوبەشانەی دەوڵەتی عوسمانی لەکاتی پێویســتدا کــە زۆربەشــیان عــەرەبن، ویلایەتــەکانی قــارس، ئەردەهان باتوم لە ڕێگەی گشت پرسیەوە بگەڕێتەوە باوەشی نیشـتیمان، داننـان بـەمافی کەمـە نەتـەوەکانی نـاو دەوڵەتـداو دیـاریکردنی چـارەنووسی ترکیـای ڕۆژئـاوا لـە ڕێگـەی بڕیـاری خەڵکەکەیەوە، پارێزگاری کردن لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی و خەلافـــەت و حکومـــەت و دەریـــای مەرمـــەرە لەهـــەر دەسـتدرێژیەکی دەرەکی و فەراهـەمکردنی پێشـکەوتنی ئـابوری نیشتیمانی و بەڵێندان بەوەی کە نەتەوە هیچ ژیانێکی نیە تەنیا

سەربەخۆیی تەواو نەبێ. لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ هەریەك لە:(سعید، 1922: 18-19، ئەحمەد، 2011، 275-276).

[8] سەرۆك وەزیرانی یۆنان بووە، دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنەكانی مانگی تشرینی دووەمی1920 لە بەرامبەر لایەنگرانی پاشا (قسطنطین 1868- 1923) شكستی هێناوە، دەستی لەكار كێشاوەتەوە. بڕوانە:(سعید، 1922: 36-37).

## لیستی سەرچاوەكان


Cumhuriyet Arşivi/ Devlet Arşivleri Başkanlığı-1 LAR DAİRE KARAR 30-18-1-1 / 4 - 53 - 5/ ). BAŞKANLIĞI (1920-1928

2- أحمد: إبراهیم خلیل و ئەوانی تر، (2008)، توركیای هاوچەرخ، و: سامان مستەفا ڕەشید، سلێمانی، چاپخانەی لاوكۆ.

3- ئەحمەد: ئیبراهیم خەلیل- مراد: خلیل عەلی،(2011)، ئێران و توركیا توێژینەوەیەك لە مێژووی تازە و هاوچەرخ، و: بەهادین جەلال مستەفا، پێداچوونەوەی: محەمەد عەبدوڵڵا كاكە سوور، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

4- ئەمین: نەوشیروان مستەفا، (2002)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی ی كوردی ساڵانی نێوان دوجەنگی جیهانی 1918-1938، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، بەرگی دووەم.

5- تەقی: ئەحمەد، (1970)، خەباتی گەلی كورد لە یادداشتەكانی ئەحمەد تەقی دا- لاپەڕەیەك لە شۆڕشەكانی شێخ محمود و سمكۆ و هەستانەكەی ڕەواندوز و پەیوەندی بە وولاتانەوە، ڕێكخستن و ئامادەكردنی بۆچاپ: جەلال تەقی، بەغدا، چاپخانەی سلمان الأعظمي.

6- ساڵح: ڕەفیق- ساڵح: سدیق، (2012)، ڕۆژنامەی پێشكەوتن یەكەمین ڕۆژنامەی سلێمانی-ژمارە(1-118)-29ی ئەپریلی 1920-27ی جولای 1922، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

7- سۆن: مێجەرئی. ب، (2007)، چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەكانی كوردستانی خواروو، و: نەجاتی عەبدوڵلا، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

8- عومەر: فاروق عەلی، (2001)، ڕۆژنامەگەری كوردی لە عێراقدا بەرایەكان 1914-1939، و: تاریق كارێزی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

9- فرۆمكین: دێڤید، (2020)، ئاشتیەك بۆ لە ناوبردنی ئاشتی (كەوتنی دەوڵەتی عوسمانی و دەركەوتنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)، و: سەربەست جیهاد، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە.

10- مەزهەر: كەمال، (1985)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد، بەغدا، چاپخانەی الادیب البغدادیة، بەرگی یەكەم.

11- هاوار: م.ر، (1990)، شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان، لەندەن، ب.د، بەرگی یەكەم.

12- بیل: المس، (1971)، فصول من تاريخ العراق القريب- كتاب يبحث عن العراق في عهد الاحتلال البريطاني بين سنتي 1914 و 1920، تر: جعفر الخياط، كاليفورنية، طبع بمساعدة من وزارة التربية والتعليم.

13- سعید: امین محمد - ثابت: كريم خليل، (1922)، سيرة مصطفى كمال باشا وتاريخ الحركة التركية الوطنية في الاناضول، القاهرة، طبعة على نفقة ادارة مجلة اللطائف المصورة.

14- الشناوي: عبد العزيز محمد، (2004)، الدولة العثمانية دولة إسلامية مفترى عليها، القاهرة، مكتبة الأنجلو المصرية، الجزء الثالث.

15- مانجو: أندرو، (2018)، أتاتورك السيرة الذاتية لمؤسس تركيا الحديثة، تر: عمرسعيد الأيوبي، أبوظبي، دائرة الثقافة والسياحة.

16- Acaroğlu: M.Türker,(2015), NUTUK Gazi Mustafa Kemal, Istanbul, KAYNAK YAYıNLARı.

17- Bayülken: Ümit Halûk,(1981)TÜRKİYE DIŞ POLİTİKASINDA 50 YILK U R T U L U Ş S A V A Ş IMI Z(1919-1922), T. C DIŞİŞLERİ BAKANLIĞI Araştırma ve Siya set Planlama Genel Müdürlüğü.

18- Soane: Ely Bannister, (2013), TO MESOPOTAMIA AND KURDISTANIN DISGUISE ,LONDON, WEŞANXANEYA AZAD.

TRAITÉ :TEXTE FRANÇAIS, ANGLAIS ET ITALIEN- DE PAIX ENTRE LES PUISSANCES ALLIÉES ET ASSOCIÉES ET LA TURQUIE SIGNÉ LE 10 AOÛT 1920ASÈVRES,https://archives.webaram.com/d 081920 - ocuments/pdf/traitedepaix-sevres10 webaram.pdf.

19- AKÇASULU: Zinnur, (2019), HÂKİMİYET-İ MİLLİYE VE PEYAM-I SABAH GAZETELERİNE GÖRE BÜYÜK TAARRUZ, Yüksek Lisans Tezi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Tarih Anabilim Dalı, Pamukkale Üniversitesi, DENİZLİ.

20- BAYIN: Bilgen,(2005), MILLI MÜCADELE DÖNEMINDE EDIRNE(1918-19 22), YÜKSEK LISANS TEZI, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Trakya ÜNİVERSİTESİ, Edirne.

21- ÇELİK: Yasemin, (2015), HAKİMİYET-İ MİLLİYE GAZETESİNE GÖRE İSTAN BUL HÜKÜMETLERİ(1920-1922), Yüksek Lisans Tezi, SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ, TARİH ANABİLİM DALI, ERCİYES ÜNİVERSİTESİ, KAYSERİ.

22- MADAŞ: Emre,(2019), BİRİNCİ MECLİSTE EDİRNE MİLLETVEKİ LLERİ VE FAALİYETLERİ (1920-1923), YÜKSEK LİSANS TEZİ, SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ, SAKARYA ÜNİVERSİTESİ.

23- YAVUZ: Şule, (2009), HÂKİMİYET-İ MİLLİYE GAZETESİNE GÖRE MİLLİ MÜ

CADELEDÖNEMİNDE TÜRK–İNGİLİZ İLİŞKİLERİ, YÜKSEK LİSANS TEZİ, TARİH ANABİLİM DALI, GAZİ ÜNİVER SİTESİ, Ankara.

24- بهنـان: حنـا عـزو، (1989)، التطـورات السياسـية في تركيـا1919-1923، رسـالة ماجسـتير، كليـة الآداب، جامعـة بغداد، بغداد.

25- EDİZ: İSMAİL, (2011), BATI ANADOLU’DA YUNAN İŞGALİ(1919-1922), DOKTORA TEZİ, TARİH ANABİLİM DALI, İSTANBUL ÜNİVERSİTESİ, İSTANBUL.

26- ERDEM: Nilüfer,(2009), YUNAN TARİHÇİLİĞİNİN GÖZÜYLE ANADOLU HAREKATI 1919-1923, DOKTORA TEZİ, ATATÜRK İLKELERİ VE İNKILAP TARİHİ ENSTİTÜSÜ, İSTANBUL ÜNİVERSİTESİ, İstanbul.

27- TURAN: Esin TÜYLÜ,(2019), İSPANYOL BASININDA TÜRK MİLLİ MÜCA DELESİ(1918-1923), DOKTORA TEZİ, SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ, Tarih, SAKARYA ÜNİVERSİTESİ.

28- YILMAZ: Halil, (2016), BELÇİKA BASINI VE DİPLOMATİK BELGELE RİNE GÖRE TÜRK KURTULUŞ SAVAŞI (1919-1922), Doktora Tezi, SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ, ANKARA ÜNİVERSİTESİ, Ankara.

29- DALEZIOU: ELEFTHERIA, (2002), BRITAIN AND THE GRFEK-TURKISH WAR AND SETTLEMENT OF 1919-1923: THE PURSUIT OFSECURITY BY' PROXY' IN WESTERN ASIA MINOR, PhD THESIS, DEPARTMENT OF HISTORY, UNIVERSITY OF GLASGOW.

30- پێشکەوتن، ژ1، 29نیسانی1920.

31- پێشکەوتن، ژ11، 8تەموزی1920.

32- پێشکەوتن، ژ27، 28تشرینی یەکەمی1920.

33- پێشکەوتن، ژ46، 10ئاداری1921.

34- پێشکەوتن، ژ102، 6نیسانی1922.

35- پێشکەوتن، ژ103، 13نیسانی1922.

36- پێشکەوتن، ژ104، 20نیسانی1922.

37- پێشکەوتن، ژ105، 27نیسانی1922.

38- پێشکەوتن، ژ106، 4مایسی1922.

39- پێشکەوتن، ژ0107، 11مایسی1922.

40- پێشکەوتن، ژ108، 18مایسی1922.

41- پێشکەوتن، ژ109، 25مایسی1922.

42- پێشکەوتن، ژ110، 1حوزەیرانی1922.

43- پێشکەوتن، ژ115، 6تەموزی1922.

44- پێشکەوتن، ژ118، 27تەموزی1922.


45- خـفـاف: قـادر، (تـەموزی 1945)، کتێبەکـەی میجرسـون بەکورتی TAN IN TO MESOPOTAMIA AND KURDIS DISGUISE، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ(7)، سـاڵی شەشـەم، بەغـدا، چاپخانەی معارف.

46- مظهـر: کمـال، (تشرـینی یەکـەمی1979)، چمکێـك لـە مێژووی یەکەم چاپخانەی کوردی لە شاری سلێمانی، گۆڤاری رۆشـنبیری نـوێ، ژ(77)، دەزگای رۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کوردی دەری دەکات، بغداد، مطبعة الزمان.

47- نـاسر: ئەحمـەد محەمـەد، (2013)، بـارودۆخی سـیاسی و کۆمەڵایەتی گەرمیان لە هەفتەنامەی (پێشکەوتن)دا (1920-1922)، گۆڤــاری ئــەکادیمیای کــوردی، ژ24، هــەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

48- YAMAÇ: MÜZEHHER, (March2015), HATAY ISSUE WITHIN THE SCOPE OF TURK ISH-FRENCH RELATIONS, International Journal of Research In Social Sciences, Vol. 5, No.01, www.ijsk.org/ijrss.

پاشکۆی ژمارە (1)



*وەرگیراوە لە: ئەرشیفی کۆماری سەرۆکایەتی ئەرشیفی تورکیا. Cumhuriyet Arşivi/ Devlet Arşivleri Başkanlığı( LAR DAİRE KARAR 30-18-1-1 / 4 - 53 - 5/ ). BAŞKANLIĞI (1920-1928